**مامۆستا جەعفەر**

# سۆسیال دیموکراتی

**پاییزی**

**٢٠٠٧**

مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ك)

سلێمانی ـ گەرەکی ئەندازیاران ـ ١٠٥

کۆلانی ـ ٣٢

ژ.خانوو ـ ١٠

www.hoshyari.org
govarynovin@yahoo.com

❊ **ناوی کتێب:** سۆسیال دیموکراتی

❊ **ناوی نووسەر:** مامۆستا جەعفەر (فازیل کەریم ئەحمەد)

❊ **نەخشەسازی و بەرگ:** فەهمی جەلال

❊ **تایپ:** هەرێم جەزا

❊ **تیراژ:** ٢٥٠٠ دانە

❊ چاپی یەکەم: سلێمانی ٢٠٠٧

❊ **ژمارەی سپاردن:** (١٦٦٧) ی ساڵی ٢٠٠٧

❊ **ژمارەی زنجیرە:** (٢٥٠)

❊ **چاپ: دەزگای چاپ‌و پەخشی حەمدی**

بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ك). ساڵی ٢٠٠٧

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

# پێڕست

پێشەکی ........................................ ٥
ئەزموون و بزاڤی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانیا ................ ٧
چاوگێڕانێکی ڕەخنەگرانە بەئەزموونی چەپی ئەورووپی ....... ١١
سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانی ................................ ١٥
ڕیفۆرم و ریڤیژینیزم ........................................ ٢١
شۆڕشی نۆڤەمبەر ........................................ ٢٧
حزبی کۆمۆنیستی ئەڵمانی KPD ........................ ٣٣
حزبی کۆمۆنیست پاش ١٩٤٥ .............................. ٣٩
حزبی سۆسیالستی دیموکراتی PDS ...................... ٤٣
چەمکی تاک و ئازادی و یەکسانی .............................. ٤٩
سەوزەکان لەنێوان ژینگە پارێزی و گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا ...... ٥٩
سەرەتاو پێکهاتن .............................................. ٦٣
مێژووی دروستبوون ........................................ ٦٩
پرۆگرام ........................................................ ٧١
دووباڵی ناکۆکی ............................................ ٧٥
سەرچاوە گرنگەکان ........................................ ٧٩

## ئەم زنجیرەیە بۆچی؟

بیری سۆسیال دیموکرات، ئەمرۆ لەسەرانسەری جیهاندا، زۆرترین جەماوەرو لایەنگری هەیەو بەباشترین ڕێگە دادەنرێت بۆ پرۆسەی نوێبوونەوەو ئاشتیانەی کۆمەڵو دادپەروەری کۆمەلایەتی. مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی. ن. ك) بەم زنجیرە لێکۆڵینەوەیە، دەیەوێت، کۆمەلانی خەڵکی کوردستان بەم بیروباوەڕە ئاشنا بکات.

ئێمە ئێستا بەرەو کۆنگرەی سێیەم دەچینو دەمانەوێت پێش بەستنی کۆنگرە دەرگای لێدوانو دیالۆگ لەسەر بیری یەکێتی بخرێنە سەر پشت. سەرەتا بەبلاوکردنەوەی زنجیرەیەك کتێبو نامیلکە دەست پێدەکەینو پاشان کۆنفرانسێك لەسەر بیری (ی. ن. ك)، کە بتوانێت هەرچی پەیوەندی بەبیری یەکێتییەوە هەیە بۆ کۆنگرە گەلاڵەی بکاتو لەوێ دوا بڕیاری لەسەر بدرێت.

ڕاستیەکی گشتی زانراوە، بیروباوەڕ لەناو کۆمەڵدا، بەبەردەوامی لەململانێو زۆرانبازیدایە. هێزێکی سیاسی دەبێ لەبواری بیردا زۆرایەتی بەدەست بهێنێتو توانای سەلماندنو بڕواپێبوون، مسۆگەر بکات، ئینجا دەتوانێت سەرکەوتنی سیاسی دەستەبەر بکات.



بیری سیاسی بۆ ئێمە، ئەمرۆ لەهەموو ڕۆژێکی تر، گرنگترە. سستیو کەمتەرخەمیو پشتگوێ خستنی بیر زیانی گەورە لەخەباتی ئێمە دەدات.

**مەکتەبی بیرو هۆشیاری**

**(ی. ن. ك)**

**٢٠٠٧/١٠/١**

مەکتەبی بیروهۆشیاری

# ئەزموونو بزاڤی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانیا



مەکتەبی بیروهۆشیاری

## پێویستیو پێناسە:

حزب لەهەر کۆمەڵێکدا دروست بێت، خاڵی سەرەکی بۆ کۆکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵك ((بیر))ە. بیر، بەراییو خاڵی یەکەم بۆ پێناسەی حزب پێکدەهێنێتو سروشتی حزبێك لەحزبێکی تر جیا دەکاتەوە. حزبی دیموکراتیو حزبی کۆماری ئەمریکی، بیری خۆیان هەیەو بەگوێرەی ((بیر)) هەریەکەیان بەرنامەیان بۆ هەڵبژاردن داڕشتووە. لەسویدو نەمساو ئەڵمانیا، هەر زۆر بەئاسانی، لەناو بازاڕدا، بەشێوەو هەڵسوکەوتو جلوبەرگ، ئەندامی حزبی سەوزو سۆسیال دیموکراتو پارێزەران لەیەکتر جیادەکرێنەوە.

بیر، خاڵی بنچینەییو هەنگاوی یەکەمە بۆ داڕشتنی بەرنامەو دیاریکردنی ناسنامە. بەبێ دیاریکردنی ((بیر)) نە بەرنامە دادەڕێژرێت، نەناسنامە دیاریدەکرێت. بیر، هەوێنی ڕێکخستنو بزوێنەری سەرکردەو کادرو ئەندامو لایەنگرانە بۆ بەدیهێنانی ئامانج. ڕزگاری نیشتمان وەکو بیرو ئامانج دیاریدەکرێت، ئیدی بەهەزاران کەس دێنە ڕیزی خەباتەوەو خۆیان دەکەنە قوربانی بۆ ڕزگارکردنی نیشتمان لەژێر دەستی داگیرکەراندا.

کەواتە: بیر، هەوێنی دروستبوونی حزبە. هەروەکو چۆن گەورەترین مەنجەڵی شیر بەبێ ((هەوێن)) نابێتە ماست، ئاواش جەماوەر چەند زۆر بێت، بەبێ ((هەوێن)) لەناو شانەکانی ڕێکخستنو دەزگا

ڕێکخراوەییەکاندا، پرۆسەی مەیینو یەکگرتن دروست نابێت. گۆڕانی شیر بۆ ماست، گۆڕانێکی چۆنێتیەو لەدۆخی بێهێزیو لاوازییەوە، دۆخی پڕ هێزیو گۆڕاندنی تەرازووی هێز ڕوودەداتو ئامانجی سەرەکی دێتەدی.

زۆرجار ئاوەڵناوی یەکەمو دووەم بۆ حزب، ناسنامەو سروشتی حزب دەنوێنێت، هەندێ جاریش پێچەوانەی ڕاستە: حزبی فاشی ئیتالی (مۆسۆلینی)و حزبی نازی NSDAP ئەڵمانی (هیتلەر)و کۆپییەکانیان لەئیسپانیاو ئەمریکای لاتینیو حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکیو... هتد. ئەمانە بەناو سۆسیالیستو چەپ بوون، بەکردەوە دژە سۆسیالیستو چەپو (ئەنتی کۆمۆنیزم) بوون.

ئەم دیاردەیە لەبواری ئیسلامی سیاسیشدا دەردەکەوێت. حزب هەیە ئاوەڵناوی ((ئیسلامی)) پێوەیە، یان لەسەر کەلاوەی هەندێ حزبی ئیسلامی داڕووخێنراو دروستکراون، وەکو حزبی عەدالەتو گەشەپێدان، لەلایەن ڕۆژهەڵاتو ڕۆژاوەوە بە ((مۆدێل))ێکی پەسەندکراو دادەنرێتو شەقڵی توندوتیژیو توندڕەوی ئاینی پێوە دیارنییە.

هێزی سیاسی ئیسلامی وەکو ((تالیبان))یش هەیە، کە هیچ بڕوایەکی بەئازادی ژنو مافی مرۆڤو ئازادی تاك نییەو تەنانەت فێرگەو چایخانەو سەرتاشخانەش دادەخات، گوایە لەسەرەتای ئیسلامدا ئەم دیاردانە نەبوونو نابێ بمێنن.



لەئەورووپاش چەندین حزبی سیاسی هەن، کە ناسنامە ئاینییەکەیان ئاشکرایەو ئاوەڵناوی ((مەسیحی))یان پێوەلکێنراوە. ئەم جۆرە حزبانە نایەوێت ئامۆژگارییەکانی مەسیح، یەك بەیەك جێبەجێ بکاتو دەسەڵاتی سیاسی بۆ ناو کەنیسە بگوێزێتەوە. لەڕۆژاوادا دەسەڵاتی سیاسیو دەسەڵاتی ئاینی لەیەك هەڵاوێرکراونو دەوڵەت ڕێگە بەدەستێوەردانی کەنیسە نادات.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

# چاوگێڕانێکی ڕەخنەگرانە بەئەزموونی چەپی ئەورووپی



مەکتەبی بیروهۆشیاری

تێگەیشتنی سروشتو بەرنامەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، تەنیا بەشیکردنەوەو لێکۆڵینەوەی ئەزموونو مێژووی (ی.ن.ك) نییە، بەڵکو چاوگێڕانێکی ڕەخنەگرانە بەئەزموونی هێزە چەپەکانی ئەورووپا، سوودی زۆری بۆ تێگەیشتنی ئێمە دەبێت. لەلایەکەوە بەشێك لەو هێزانە ئەندامی سۆسیال ئینتەرناسیۆنالن SI، لەلایەکی ترەوە ئەزموونی چەپی ئەورووپی ئەزموونێکی یەکجار دەوڵەمەندو فراوانەو بەلەبەرچاوگرتنی بەشێك لەتاقیکردنەوەی هێزە چەپەکان، دەتوانین خۆمان لەزۆر کێشەو سەرئێشە بپارێزینو هەنگاو باشتر بەرەو پێشەوە بنێین.

ساڵی ١٩٨٩ لەسەر ئاستی جیهان گۆڕانکارییەکی بنچینەیی ڕوویدا: شنەی شەماڵی دیموکراسی لەڕۆژهەڵاتی ئەورووپا هەڵیکردو سیستمی ((سۆسیالیستی دەوڵەتی)) وەکوماڵۆچکەی کارتۆنی یەك لەدوای یەك هەرەسی هێنا. لە ١٩١٧ تا ١٩٨٩ بەرەی چەپو بەرەی ڕاست ڕوونو ئاشکرا بوون. هێزە چەپە دۆگماکان، تووشی شڵەژانو ڕامانو سەرلێشێوان هاتنو زەوی دڵنیایی لەبن پێیاندا هاتە لەرزینو بەرەکان لەبەریەك ترازان. لەبری سیستمی دوو جەمسەریو دوو پۆلی جیهانی، سیستمی یەك جەمسەری جێگەی گرتەوە.

تێکشکانو هەڵوەشانەوەی دەوڵەتانی پەیمانی وارشۆ ((سۆسیالیستی دەوڵەتی))ی بیرۆکراسی، کۆتایی بەجیهانی برسێتیو هەژاریو چەوسانەوەی چینایەتی نەهێنا، ئازادیو دیموکراسیو

ڕێزگرتنی مافی مرۆڤو سەربەستی ژنو بەرزکردنەوەی ئاستی ژیانی کۆمەلانی خەڵك، بەرەو پێشەوەی بەخۆیەوە نەدی. بەپێچەوانەوە لەسێبەری سیستمی ئابووری جیهانی ئەمڕۆدا، هەژارەکان هەژارتر دەبنو دەوڵەمەندەکان دەوڵەمەندتر. بۆ نموونە: هەژدە ساڵە هەردوو ئەڵمانیا یەکیان گرتووە، بەلام نەبرینەکان سارێژکراونو نەجیاوازییەکان سڕاونەتەوە. ڕاستە ((سۆسیالیستی دەوڵەتی)) بیرۆکراسی، هەردەبوایە بڕوخێتو نەمێنێت، ئەوە چارەنووسی سروشتی ناچاری خۆی بوو، بەلام ئەوەی ئێستا هەیە بەگوێرەی چاوەڕوانی ئەو خەڵکە نییە، هەر بۆیە دانیشتوانی ڕۆژهەلاتی ئەڵمانیا بەدوای ناسنامەی خۆیاندا دەگەڕێن.



مەکتەبی بیروهۆشیاری

مەکتەبی بیروهۆشیاری

# سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانی



مەکتەبی بیروهۆشیاری

ئێمە ئەگەر ئەزموونی چەپەکانی ئەڵمانیا وەکو نموونە بهێنینەوە، دەبینین دوو هێزی بەرچاو، لەسەر شانۆی سیاسی، هەر لە ۱۸٦۳ تا ئەمڕۆ، دەوری خۆیان دەگێڕن. ئەم دوو هێزەش سۆسیال دیموکراتو کۆمۆنیستەکانن. ڕاستە ناوەکان گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە، بەڵام حزبی سۆسیال دیموکرات SPD و سۆسیالیستە دیموکراتەکان PDS خۆیان بەخاوەن سامانێك دەزانن، کە ڕەگو ڕیشەی بۆ ساڵانی شۆڕشی ۱۸٤۸دەگەڕێتەوەو لەساڵی ۱۹۱۸ دوو شێوەی ڕێکخراوەییو ئایدۆلۆجیو سیاسی وەردەگرێت.

حزبی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانی، لەبن کاریگەرێتی بیروباوەڕو ڕەنگدانەوەی تێکۆشانی کارل مارکسو فردریك ئینگلزو ڤیلهەم لیبکنێشتو ئۆگۆست بێبل دروست بوو. ئەم حزبە، سەرەتا، باوکانی ڕۆحی پێیان خۆش بوو، حزبێکی شۆڕشگێڕ بێتو دیکتاتۆری پرۆلیتاریا دامەزرێنێت. هەر لەسەرەتاوە دوو شەقڵی دۆگماییو دیموکراتی پێوە دیاربوو. ئەندامانی ئەم حزبە چاك ئەو ڕاستییەیان دەزانی بۆ نەهێشتنی هەژاریو چەوسانەوە، پێویستیان بەتێکۆشانو ئامرازی خەبات هەیەو بۆئەوەی دادپەروەری بێتەدی، دەبێ بەگەرمی فیداکاریو تێکۆشانی بۆ بکرێت.

فیردیناند لاسال (۱۸۲٥ ـ ۱۸٦٤) پارێزەرێکی ناودار بووەو لەسۆنگەی سەرقاڵی بەفەلسەفەی کارەوە، لەڕێگەی نامەنووسینەوە پەیوەندی لەگەڵ مارکسو ئینگلزەوە دەبێت. ئەو پێش کوژرانی

بەساڵێك و پێنج مانگ ڕێکخراوی (یانەی گشتی کرێکارانی ئەڵمانیا ADAV) دروست دەکات. ژمارەی ئەندامانی ئەم ڕێکخراوە لەساڵی ١٨٦٤ز ٤٦٠٠ ئەندام تێناپەڕێت.

ساڵی ١٨٦٩ حزبی سۆسیال دیموکرات لەشاری ئایزناخ (Eisnach) دادەمەزرێت و پرۆگرامەکەیان، کە بەپرۆگرامی ئایزناخ ناوی دەڕوات، دەبێتە یەکێك لەناسنامەکانی ئەم حزبە. بەدامەزراندنی حزبی سۆسیال دیموکرات لەئایزناخ، دووەم حزبی کرێکاری لەئەڵمانیادا دروست دەبێت. جیاوازی سەرەکی نێوان لاسالی و ئایزناخییەکان، تەنیا تێگەیشتن و تێڕوانینی تیۆری نەبوو، بەڵکو ڕەنگدانەوەی هەلومەرجی سیاسی ئەو ڕۆژە بوو: پرسیاری گرنگی ئەو سەردەمە ((یەکگرتنەوەی ئەڵمانیا)) بوو. ئایزناخییەکان لایەنگری ئەوەبوون بەزەبرو زەنگ و زۆرەملێ شانشین ((مەملەکەت ـ Reich)) لەسێبەری دەسەڵاتی سیاسی دەوڵەتی پرۆیسی و ئاگرو ئاسنی بسمارکیدا، یەکبگرێتەوە. ئەوان پێیان لەسەر ((ئازادی)) لەیەکگرتنەوەو فۆرمی دەوڵەت و ژیان دادەگرت.

بەپێچەوانەوە، لاسال و جێنشینەکانی گرەویان لەسەر سیاسەتی پرۆیسی دانابوو. ئەمانە پێیان وابوو، لە خەبات دژی دوژمنی سەرەکی خۆیان: بۆرجوازیە لیبراڵە شارییەکان، بسمارك دەبێتە پشتیوانیان. لەسنووری دەوڵەتی پرۆیسی بچکۆلانەشدا، ئەمان دەتوانن، ریفۆرمی کۆمەڵایەتی پەیڕەوی بکەن و ژیانی کرێکارانیش چاکتر بکرێتەوە.



ئۆگۆست بێبل و هاوڕێکانی دەیانویست هەیکەلی ڕێکخستن شێوەی دیموکراسی وەربگرێت، بەپێچەوانەوە لاسالییەکان بڕوایان بەڕێکخستنی گەلگەرایەتی بوو، کە سەرکردەیەکی مەزن ڕێبەرایەتی بکات و بواری تان و پۆی دیموکراسی نەدرێت. کێبڕکێ و ململانێ لەنێوان لاسالی و ئایزناخییەکان واتە: هەردوو حزبە کرێکارییەکەی ئەڵمانیا لەساڵی ١٨٧٣ بەرەو هێوری و ئارامی ڕۆیشت، پاش ئەوەی سەرۆکی لاسالییەکان ADAV فۆن شڤایتسەر دەستی لەکارکێشایەوە. ئەمە کۆسپێکی شەخسی بوو، لەبەردەم یەکگرتنەوەدا، لاچوو. لەهەمان کاتدا شانشین دامەزراو دەوڵەتی بسمارك سەقامگیر بوو، بەبێ ئەوەی لایەنێك بتوانێ نیشانەی پرسیار لەسەر بوونی دانێت. ئەم گۆڕانکارییە سیاسییە بنەڕەتییە پاپۆڕی هیوای هەردوولای بۆ دوورگەی نادیاری پێچایەوە.

ئایزناخییەکان بەئومێدی ئەوەبوون دەوڵەتێکی ئەڵمانی فیدراڵی دیموکراتی یەکگرتووی گەورە دابمەزرێت، ئەوە سیاسەتی بسمارکیانەی ئاگرو ئاسن و خوێن، ئەو خەونەی ژاکاندو پرواند. چاوەڕوانی لاسالییەکان ئەوەبوو پرۆیسا بەبچووکی بمێنێتەوەو دەوڵەت مافە کۆمەڵایەتییەکان بسەلمێنێت و کاری پێبکات و ژیانی کرێکاران چاکتر بکاتەوە، ئەوەش ئەندێشەو خەیاڵ و فەنتازیا دەرچوو.

ئەم ڕووداوانەی ساڵی ١٨٧٣ هەردوو ڕێکخراوە کرێکارییەکەی لەیەك نزیکتر کردەوە تا هەردووکیان ساڵی ١٨٧٥ یەکیانگرت و

بەرنامەی گۆتا (Gotha)یان پێکـەوە دارِشـتو پـارتی کرێکـارانی سۆسیالیستی ئەڵمانیایان دروست کرد.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

مەکتەبی بیروهۆشیاری

مەكتەبی بیروهۆشیاری

# ڕیفۆرمو ریڤیژینیزم



مەكتەبی بیروهۆشیاری

* چەمكی چاكسازی، یان ڕیفۆرم لەووشەیەكی لاتینییەوە داتاشراوە Reform واتە: سەرلەنوێ دارشتنەوەی چوارچێوە. گۆڕاندنی چوارچێوە، بەشێوەیەكی تر. لەڕووی سیاسییەوە مەبەست ئەوەیە: شێوەیەك یان دامەزراوەیەك بەهۆی ژەنگگرتنو سوینو خۆخواردنەوە، پێویستی بەگۆڕانكارییەكی كاوەخۆ، یان بەپەلەو رادیكاڵ بێت، بۆ نۆژەنكردنەوەو نوێكردنەوەو چاكسازی، بەبێ شۆڕشو توندوتیژی بۆ گۆڕاندنی سیستمی سیاسیو ئابووریو كۆمەڵایەتی، كە بەبێ دەستكاریو ئاڵوگۆڕ ژیان بەرەو وەستانو كارەسات دەچێت.

* چەمكی ریڤیژینیزم Revisionism لەووشەی (ریڤیژن ـ Revision)ی لاتینییەوە وەرگیراوە: سەرلەنوێ پێداچوونەوە، پێدانوارین، ئەزموونكردنەوە، راستكردنەوەی رستەیەكی بۆ چاپ دانراو. لەبەكارهێنانی سیاسیدا ئەم چەمكە مەبەستی ئەوە دەگەیەنێت: أ. خەبات لەپێناو گۆڕاندنی بارودۆخێك. ب. تێكۆشان بۆ گۆڕاندنی برگەیەك لەپرۆگرامی ناوخۆ. ج. ترازانو لادان لەڕێگەی سەرەكیو رێسا بنچینەییە باوەكانی سەردەم.

ئەم دوو چەمكە لەئەدەبیاتی سیاسی سۆسیالیستیو كۆمۆنیستیدا، بەواتایەكی زۆر نێگەتیڤ بۆ هێرشو پلارو تاوانبار كردن، بەكاردەهاتن. ئەمڕۆ ریفۆرم چەمكێكی سیاسی پۆزەتیڤەو هێزە سیاسییەكان زۆر بەكاری دەهێنن، پاش ئەوەی ((شۆڕش))و ((شۆڕشی

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

سۆسیالیستی)) لەسەرانسەری جیهاندا تووشی پاشەکشەو تێکشکان بوو. هەرچی چەمکی ریڤیژینیزمە زۆر کەم بەکاردێتو گرنگیی جارانی نەماوە.

ئەم پێشەکیو روونکردنەوەیە زۆر پێویستە بۆ تێگەیشتنی سروشتی ئێستای سۆسیال دیموکراتو سەرجەمی هێرشو پەلاماری تیۆری حزبی بۆلشەویكو پاشان کۆمۆنیزم بۆ سەر سۆسیال دیموکراتو ئینتەرناسیۆنالی دووەم.

ساڵی ١٨٩٥ بەدواوە شەڕو ململانێیەکی زۆر سەخت لەنێوان دوو باڵی سۆسیال دیموکرات روویدا. باڵی یەکەم: پێکهاتبوو لەسەرۆکی حزبی ئۆگۆست بێبلو کارل کاوتسکیو رۆزا لۆکسمبوورگ، ئەمانە مارکسی ئەرتەدۆکسی بوون. باڵی دووەم: ئێدوارد بێرنشتاینو فردریك ئێبەرت نوێنەرایەتییان دەکرد.

بێرنشتاین پیاوێکی تیۆریستو بەئاگای گەشەکردنی ئابووریو کۆمەڵایەتیو سیاسی ئەڵمانیاو بریتانیا بوو. بیرکردنەوەی ریڤیژنیستی (تحريفي) لەبیرنشتاینەوە دەستی پێکرد.

ئەو خۆی پێیوابوو، ئەوەی سۆسیال دیموکرات بەخشکەییو بێدەنگی کردوویەتی، ئەم تەنیا چوارچێوەی تیۆری بۆ دۆزیوەتەوە. هەر بۆ نموونە لەساڵی ١٨٧١ سۆسیال دیموکرات بەشداری لەهەڵبژاردندا کردو دوو نوێنەری خۆی گەیاندە پەرلەمان. ساڵی ١٩١٢ ژمارەی ٤٢٥٠٠٠٠ کەس دەنگی بۆ سۆسیال دیموکرات داو ١١٠ سەدودە نوێنەری گەیاندە



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

ناو پەرلەمان. کارل کاوتسکی یەکێك بووە لەبەرهەڵستکارانی بێرنشتاین، ئەویش ساڵی ١٨٩٣ بەم شێوەیەی خوارەوە پێناسەی سۆسیال دیموکراتی کردووە:

سۆسیال دیموکرات ((حزبێکی شۆڕشگێڕ بووە، بەڵام قەت حزبێکی شۆڕش هەڵگیرسێنەر نەبووە)) مەبەستی کاوتسکی لەم پێناسەیەدا ئەوەیە، کە سۆسیال دیموکرات خەباتی کردووە بۆئەوەی دەسەڵاتی سیاسی بۆ خۆی، بەهۆی چینی کرێکارەوە بپچڕێنێتو ستركتووری ئابووری بەشێوەیەکی بنەڕەتی سەرلەنوێ دابڕێژرێتەوە.

بەگوێرەی تێگەیشتنی بێرنشتاین بۆ ریفۆرمو گەشەکردنی کۆمەڵایەتی، ساڵی ١٨٩٩ کتێبی (هەلومەرجی سەرهەڵدانی سۆسیالیزمو ئەرکەکانی سۆسیال دیموکراتی) بلاودەکاتەوە. لەوێ سێبەری گومان دەخاتە سەر هەندێ ((تێز))ی گرنگی مارکسو ئینگلز: لەمەنیفێستی کۆمۆنیستیدا پێشبینی کراوە، گەشەکردنی کۆمەڵایەتی کۆمەڵ بەرەو مۆدێلی دوو چین بڕوات. چینی ناوەڕاست ناتوێتەوە، بەڵکو تەنیا کەسایەتی دەگۆڕێت. پێشبینیەکیتری سۆسیالیستەکان دیسان نیشانەی نەپێکاو گوایە لەئەنجامی تەنگژە ئابوورییە توندوتیژەکان چینی کرێکار هەژارترو چەوساوەتر دەبێت، ئێستا گۆڕانکارییەکی بەرچاو بەدی دەکرێت، کە کەپیتالیستی سنوور بەزێن، جڵەو دەکرێت. بێرنشتاین ماکی ئەم گۆڕانە بۆ ئەوە دەگێڕێتەوە کرێکاران زۆرانبازییەکی بێوچانو بێ ماندووبوون دەکەن لەپێناوی

مەكتەبی بیروهۆشیاری

بەشداری دیموكراسیانە لەقسەكردن لەگەڵ خاوەن كارەكاندا، سەبارەت هەلومەرجی كارو بەرزكردنەوەی كرێو كورتكردنەوەی ماوەی كارو بیمەی كۆمەڵایەتیو... هتد. لای بیرنشتاین سیاسەتی ریفۆرم ئەوەیە سیستم بگۆڕدرێتو لەهەمان كاتدا ئامرازی سیستم سەقامگیركردن فەراهەم بكرێت.

((مرۆڤ ناتوانێت ناكۆكی چینایەتی تەنیا بۆ جیاوازی نێوان كارو سەرمایە چڕ بكاتەوە، بەپێچەوانەوە، كۆمەڵ بەرە بەرە، پتر بەرەو ترازان دەڕوات، چینی مام ناوەندی دەتوانێ خۆی بپارێزێت، ئەو پاڵەپەستۆیەشی بەسەردا نایەت، كە بۆ ئامێزی چینی پرۆلیتاریا داخزێت. هەر بۆیە پێویستە بزاڤی كرێكاری دەست لەتوندڕەوی سەرزارەكی هەڵبگرێتو لەگەڵ هێزە پێشكەوتنخوازەكان هاریكاری بكات، هەر بۆ ئەوەی بتوانێت بەیارمەتی دیموكراسی، سۆسیالیزم بهێنرێتە دی)) (P.L 54).



مەكتەبی بیروهۆشیاری

مەکتەبی بیروهۆشیاری

# شۆڕشی نۆڤەمبەر



پاش ((شۆڕشی ئۆکتۆبەر))ی ١٩١٧ رووسیا، بەساڵێك، شۆڕشی نۆڤەمبەر، لەئەڵمانیادا، ساڵی ١٩١٨ بەرپابوو. دەسەڵاتی قەیسەرایەتی لەسەردەمی ڤیلهەمی دووەم، کۆتایی پێهێنراو ڕژێمی کۆماری جێگەی گرتەوە.

ئایا ڕۆڵی سۆسیال دیموکرات لەم شۆڕشەدا چی بووەو لایەنی لێکچوونو لێکنەچوون لەنێوان ((شۆڕشی ئۆکتۆبەر))و ((شۆڕشی نۆڤەمبەر))دا هەیە؟

سۆسیال دیموکراتی ئەڵمان ساڵی ١٩١٤ دووباڵی لێ پەیدابوو. باڵی زۆرایەتیو کەمایەتی (٧٨). نوێنەر سیاسەتی پشتگیری حکومەتو داکۆکی لەنیشتمانی پەسەند کرد. (١٤) نوێنەر دژی شەڕ بوون. پەیدابوونی دوو باڵی دژ بەیەك لەناو فراکسیۆنی سوور، نەبووە هۆی دووکەرتبوونی حزب. ساڵی ١٩١٦ گروپی سپارتاکۆس دروست بوو، کە رۆزا لوکسمبوورگو کارل لیبکنێشت رێبەرایەتییان دەکرد.

ساڵی ١٩١٧ باڵێکی شۆڕشگێڕ لەسۆسیال دیموکرات جیابووەوەو ناویان لەخۆیان نا (پارتی سۆسیال دیموکراتی سەربەخۆ USPD و سەرۆکی حزب هۆگۆ هاز هاتە ڕیزی سەربەخۆکانەوە، یەکێکی وەکو ئیدوارد بیرنشتاین، کە بەباوکی رۆحی ریڤیژنیستەکان ناوی ڕۆیشتبوو، ئەویش چووە پاڵ USPD.

پاش ئەوە USPD لەموینشن ڕابوونو دەسەڵاتیان گرتە دەستو ئەنجومەنیان دامەزراند، هەر ئەو کاتە فردریك ئێبەرت سەرۆکی حزبی

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

سۆسیال دیموكرات MSPD داوای لەقەیسەری ئەڵمانیا ڤیلهەمی دووەم كرد، دەست لەعەرشی شاهانەی خۆی هەڵبگرێت. ئەو هەر وەڵامیشی نەدایەوە. ئاگری ڕاپەڕین پایتەختیشی گرتەوەو كەس نەیدەتوانی كەڵەكی لەبەردەمدا هەڵبچنێت. خۆپیشاندانی كرێكارانی چەوساوە، بێ نان، برسیو سەربازە لەشەڕ بێزارو ماندووەكان، بەهەزاران شاڵاویان بۆ بەردەم پەرلەمانو گەڕەكی میری برد. ئەوكاتە (ماكس) میری بادن، بەدەسەڵاتی خۆی قەیسەری لەدەسەڵاتی قەیسەرایەتی خستو فردریك ئێبەرتی بەكانسلەر (سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران) دانا. هەر بۆ ئەوەی ڕژێمی مەلەكی كۆتایی پێنەهێنرێتو شانشین نوقمی ئاژاوەو پشێویو شەڕی براكوژی نەبێت.

مەلی خەیاڵی شاپەرستەكان لەسەرچڵی شكاوی خەونێكی نەزۆك نیشتەوە. چێوەی ژەنگ گرتووی دەوڵەتی لەبنپێی شەپۆلی تووڕەی خۆپیشاندەراندا، هەرەسی هێنا.

فیلیپ شایدەمان لەپەنجەرەی كۆشكی پەرلەمانەوە بانگی لەدایكبوونی كۆماریدا. كارل لیبكنێشتیش لەبالكۆنی (تەلاری بەرلین)ەوە ئیعلانی دروستبوونی كۆماری سۆسیالیستی دا. كۆمەڵانی خەڵك دەیانویست هەردوولا نەكەونە گیانی یەكترو دژی یەكتر نەبنو دروشمی ((شەڕی براكوژیمان ناوێ))یان بەرزكردەوە. ئێبەرت بەدەنگ خۆپیشاندەرانەوە چوو، داوای لەسەربەخۆكان USPD كرد، بەشداری لەدروستكردنی حكومەتێكی هاوبەش بكەن. تەنانەت كارل



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

لیبكنێشت لەئەنجومەنی وەزیراندا پۆستێك وەربگرێت، فردریك ئێبەرت وای پیشاندا، كە زۆر بەلایەوە مایەی دڵخۆشییە. كارل لیبكنێشت ئەو ئارەزوو دەربڕینەی پەسەند نەكرد. بەڵام لەڕۆژی ١٠ی ١٩١٨ ئەنجومەنی وەزیرانی هاوبەش یەكەمین كۆبوونەوەی خۆیان كرد. سۆسیال دیموكراتو سپارتاكۆس، ڕاستە هەریەكەیان خۆی بەنوێنەری كرێكاران دادەناو هەردوولایان سۆسیالیست بوون. بەڵام هەریەكەیان ئایدۆلۆجیاو بیروبۆچوونو جیهانبینیو تێگەیشتنی دەسەڵاتو پەیوەندیو ڕایەڵی خۆی بۆ ناوەوەو دەرەوە هەبوو:

سۆسیال دیموكرات دەیەویست ئەڵمانیا دەوڵەتێكی كۆماری، پەرلەمانتاری دیموكراتی بێتو دەسگاو ئۆرگانە نادیموكراتیەكانی دەوڵەتی قەیسەری كۆن، بەبێ دەستكاری بپارێزرێتو هەوڵبدات بیانكاتە دەستكەلای خۆیو بیانكاتە ئامرازی سەپاندنی دەسەڵاتی خۆی.

سپارتاكۆس دەیەویست ئەڵمانیا دەوڵەتێكی سۆسیالیستی بێتو لەڕێگەی شوراكانەوە دەسەڵاتداری بكرێتو سوپاو دەستگا سەركوتكەرەكان هەڵبوەشێنرێنەوەو شوێنەواریان نەمێنێت.

لەهەڵبژاردنی ((پەرلەمانی شۆڕش)) لەكۆی ٤٨٩ ئەندام، سۆسیال دیموكرات ٣٤٤ ئەندامو سەربەخۆكان ٩٨ نوێنەری هەبوو.. ڕێكخراوی USPD هەندێك بیانووی دۆزیەوەو لە ١٩١٨/١٢/٢٩ خۆی لەپەرلەمانی شۆڕشو لەحكومەتی شۆڕشگێڕ ئەندامەكانی

کێــشایەوە. ســەرەتای ك ٢/١٩١٩ ســپارتاکۆس کرێکــارو ســەربازە چەکدارەکانی ڕەوانــەی ســەر شــەقامەکان کــرد. حکومــەتی ئێبــەرت سوپای کرێکارو لەشکری بۆ پــەلاماردانی خۆپیــشاندەرە چــەکدارەکان ئامــادە کــرد. ســوپای حکومــەت تــوانی ڕاپــەڕینی ســپارتاکۆس تێکبــشکێنێتو ڕۆژی ١٥/ ١/ ١٩١٩ ڕۆزا لوکــسمبوورگو کــارل لیبکنێشت کوژرانو لاشەکەیان هەڵدرایە نێو چەمێکەوە.

سۆسیال دیموکرات بیانووی بۆ لێدانی سپارتاکۆس ئــەوەبوو، ئــەوان دەیانویست دیموکراسی پێــشێل بکــەنو بــارودۆخێکی ترســناك وەکــو رووسیای پاش ((شۆڕشی ئۆکتۆبەر)) بهێننەدی.

ڤیللی برانت کاتێــك ســەرۆکی سۆســیال دیمــوکرات بــوو، لــەڕۆژی ١٠/١١/١٩٦٨ لەیادی پەنجامین ساڵڕۆژی دامەزرانــدنی حکومــەتی شۆڕشی نۆڤەمبەر بیانووەکانی بەبێ بایــەخو لاواز دانــا. ئــەو گــوتی: ((ڕۆزا لوکــسمبوورگ) دەیەویــست سۆسیالیــستێکی دیموکراســی دابمەزرێنێت، نەك سیستمێکی کۆمۆنیستی پڕ تیرۆر...))



مەکتەبی بیروهۆشیاری

مەکتەبی بیروهۆشیاری

# حزبی کۆمۆنیستی ئەڵمانی KPD



مەکتەبی بیروهۆشیاری

پاش شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ ئیدی مۆسکۆو کرملین بوونە چەقو ناوەندی چەپو حزبە کۆمۆنیستیە فەرمییەکانی جیهان. ئەو حزبانە بوونە دانەی تەسبیح، سەتەلایدو پاشکۆی حزبی کۆمۆنیستی سۆڤیێتی، ((پراڤدا))و ((ئەزڤستیا)) بوونە تاقە سەرچاوەی هەواڵو زانیاریو ڕاستی بۆ ((سۆفی))و ((دەروێش))ەکانی ڕێگای ئایدۆلۆجیاو ئاینی قەیسەرە سوورەکانی کرملین.

حزبە کۆمۆنیستە گرێدراوەکان، هەرچی نێوی سەربەخۆییو ئازادیو سەربەستی بوو، لەفەرهەنگی گوێڕایەڵی کوێرانەی ئەواندا سڕێنرابووەوە. لەسەنتەرەوە بڕیار لەسەر بەرنامەو ستراتیجو شێوەو قەوارەی بلاوکراوەی ناوخۆو ڕاگەیاندن دەدرا. لەسەردەمی ستالیندا، هەر باڵو کەسایەتیەك ١٠٠٪ دەروێشی نابینای ڕێبازی ئەو نەبوایە، بەڕۆژی نیوەڕۆ ڕەوانەی زیندانە تاریکەکانو قەسابخانە خوێناوییەکان دەکرا. تاوان خستنە پاڵ، هەر زۆر ئاسانو سادەبوو، هەر کەسە بەشێوەیەکی جیاواز بیری بکردایەتەوە، ئەوە هەر یەکسەر تاوانی ((ترۆتسکیزم))و ((ڕۆزا لوکسمبوورگیزم))و ((بلیخانۆفیزم))ی دەخرایە پاڵو پەڕو باڵ دەکراو هەر کەس نەیدەزانی کام دۆزەخ قووتی دەدات.

حزبی کۆمۆنیستی ئەڵمانی KPD ڕۆژی ٣٠/١٢/١٩١٨ لەبەرلین دامەزرا. ئەم حزبە لەبنچینەدا باڵی رادیکاڵی حزبی سۆسیال دیموکرات بوو، کە لەگەڵ سەرکردایەتیو زۆرایەتی نێو حزب

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

نەدەگونجان‌و لەسالّی ١٩١٧ ڕێکخراوێکی سەربەخۆیان دامەزراند. هەر پاش دوو هەفتە ئەم حزبە دوو سەرکردەی گەورەو بەناوبانگی خۆی لەدەستدا. ڕۆزا لوکسمبوورگ‌و کارل لیبکنێشت بەبڕیاری گووسافۆسکەی وەزیری بەرگری حکومەتی سۆسیال دیموکرات، بەبێ دادگاییو بەدڕندەترین شێوە کوژران‌و لاشەکەیان هەلّدرایە ناو ڕووبارێکەوە.

ئەم کارە ڕاستە گیانی دوو سەرکردەی ناسراوی سارد کردەوە، بەلاّم لەهەمان کاتدا زیانێکی گەورەی بەناوبانگی سۆسیال دیموکراتی ئەلّمانی گەیاندو تا ڕۆژی ئەمڕۆش لەلایەن چەپو ڕاستەوە ڕەخنەی توندیان لێ دەگیرێت.

سۆسیال دیموکرات‌و حزبی کۆمۆنیست، بەدرێژایی سەردەمی کۆماری ڤایمار ١٩١٨ ـ ١٩٣٣و هاتنە سەر حوکمی نازییەکان بەسەرۆکایەتی ئەدۆلف هیتلەر، هەر لەزۆرانبازیو ململانێی توندوتیژدا بوون، تا هەردوو نوێنەرەکەی کرێکاران پەیام‌و کایەی سیاسی خۆیانیان بەنازییەکان دۆڕاند. کۆمۆنیستەکان، بەئاشکرا سۆسیال دیموکراتیان بە ((سۆسیال فاشیزم)) نێو دەبرد. سۆسیال دیموکراتەکانیش ئەوانیان بەنادیموکرات‌و خاینی چینی کرێکار ناو دەبرد. هەردوولا ئەوەندەی دەنوکیان لەسەر یەکترو ئەوەندەی بەربەرەکانێی یەکتریان دەکرد، نیو ئەوەندەش بیریان لای دوژمنی سەرەکی خۆیان‌و مرۆڤایەتی نەبوو.



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

پاش مردنی سەرۆك كۆمار فردریك ئێبەرت ٢٨/٢/١٩٢٥ لەڕۆژی ٢٦/٤/١٩٢٥ هەلّبژاردنێکی سەرتاسەری بۆ دیاریکردنی سەرۆك كۆماری نوێ بەڕێوەچوو. سێ کەسایەتی ناسراو لەلایەن حزبەکانەوە بۆ ئەم پۆستە کاندید کران: ڤیلهەم مارکس لەلایەن سۆسیال دیموکرات‌و ناوەند (سێنترۆم ـ Zentrum ـ حزبێکی مەسیحی بوو)و حزبی دیموکراتی ئەلّمانی. هەندنبوورگ فێلّد مارشالێکی بەسالاّچووی، لەقەیسەر شاپەرستتر بوو، هیچ بڕوای بەدیموکراسیو سیستمی پەرلەمانی نەبوو. دەیەویست بۆچوونی عەسکەری کۆنی خۆی بەبەری دەسگاکانی دەولّەتدا بکات. ئێرنست تیلمان، کاندیدی حزبی کۆمۆنیست بوو. هەندنبوورگ هەلّبژاردنەکەی بردەوەو ١٤,٦٥٥,٠٠٠ دەنگی هێنا. ڤیلهەم مارکس ١٣,٧٥١,٠٠٠ دەنگی هێنا. واتە مارکس بەهەزارو سەد دەنگ کەمتر بەهەندنبرووگی دۆڕاند. ئێرنست تیلمان، تەنیا ١٩٣١٠٠٠ دەنگی هێنا. واتە: ئەگەر حزبی کۆمۆنیست بڕۆیشتایەتە پالّ سۆسیال دیموکرات‌و دوو حزبەکەیتر، ئەوکاتە هندنبرووگ نەیدەبردەوە. بەبردنەوەی ئەویش هێزە نازیو کۆنەپەرست‌و نادیموکراتەکان بەجارێك بووژانەوە. تەنانەت لەدوا هەلّبژاردنی سەردەمی کۆماری ڤایماردا، هەلّبژاردنی گشتی بۆ پەرلەمان (ڕایشستاگ ـ Reichstag) کە لەنۆڤەمبەری ١٩٣٢ کرا، سۆسیال دیموکرات‌و کۆمۆنیستەکان پێکەوە ٣٧,٤٪ کۆی دەنگەکانیان بەدەست هێنا. ئەو کاتە نازییەکان بەتەنیا ٣٣,١٪ کۆی

دەنگەكانیان بەدەستهێنا. حزبی كۆمۆنیست ڕێژەی ١٦,٩٪ دەنگەكانی وەدەست هێناو سۆسیال دیموكرات ٢٠,٤٪ دەنگەكانی وەدەست هێنا. كەواتە: ئەگەر ئەم دوو حزبە ئەوەندە رقەبەرایەتیو دوژمنایەتی یەكتریان نەكردایە، كەشتی كۆماری ڤایمار بەو ئاسانیە لەدەریای كارەساتێكی نەتەوەییو جیهانیدا وون نەدەبوو.

مەكتەبی بیر و هۆشیاری



مەكتەبی بیر و هۆشیاری

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

# حزبی کۆمۆنیست پاش ١٩٤٥



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

کاتێك نازییەکان ١٩٣٣ دەسەڵاتیان گرتە دەست، هەر یەکسەر پەلاماری کۆمۆنیستەکانیاندا. نوێنەرانی ئەوان لەپەرلەماندا کوژرانو گیرانو ڕەوانەی کەمپی چڕکراوە KZ کران. بەشێکی زۆر کەمیان بواری هەڵاتنو دەربازبوونی بۆ دەرەوەی وڵات بۆ ڕەخسا. ئەوانەی گەیشتنە سۆڤێت، پاش ماوەیەك تووشی لێپرسینەوەو چاودێریو زیندانیو لەناوبردن هاتن. ساڵی ١٩٤٥ ڕژێمی نازی هەرەسی هێنا. ڕۆژاوای داڕووخاوی ئەڵمانیا، کەوتە بن سێبەری دەسەڵاتی هاوپەیمانەکان. ڕۆژهەڵاتی ئەڵمانیا، لەلایەن سوپای سوورەوە ئازادکرا. بەرلینی پایتەختیش، کە کەوتبووە ناوەڕاستی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵاتەوە، بۆ دوو ناوچەی دەسەڵات دابەش کرا. ئاشکرایە حزبی کۆمۆنیست، هەر زۆر لاوازو تێكو پێك شکێنراوبوو، لەڕووی ئایدۆلۆجیو سیاسییەوە ببووە پاشکۆی گرێدراوی کرملینو باڵی دۆگمایی ـ ستالینی باڵی بەسەر حزبەکەدا کێشابوو.

لەناو دڵی بەرلیندا ١٩٦٠ دیواری ترسناکی بەرلین هەڵچنرا. سەرەتا سەرکردەکان دەیانگوت: جێگای داخو کەسەرە ئەم دیوارە لەسەر دڵی ڕۆڵەکانی گەلێك دروستکراوە. پاشان ساڵانە یادی ساڵڕۆژی دیواری بەرلین دەکرایەوەو وەکو دەستکەوتێك لەدەستکەوتە مەزنەکانی خەباتی سۆسیالیستی دادەنرا. هەرچەند هەفتەیەك پێش ڕووخاندنی دیواری بەرلین لە (ئەلکسەندەر پلاتس) ئێرش هۆنیکەر سکرتێری گشتی حزبی SED لە دوا خوتبەیدا، گوتی: ((ئەم دیوارە

مەکتەبی بیروهۆشیاری

تا سەد ساڵی تریش دەمێنێتەوە)) ئەمە ڕادەی کورتبینی سەرکردایەتی سیاسی ئەو حزبە پیشان دەدات، کە هەستی نەدەکرد لەسەرانسەری ئەڵمانیای ڕۆژهەڵاتدا پاچو خاکەنازو پیك بۆ پەلاماری دیواری دزێو ئامادە دەکرا.

ئەوان لەبری خەم دەربڕینو هێنانەوەی بیانووی عەقڵانی، شانازیان بەکارێکەوە دەکرد، کە لەڕووخانو هەرەسو دزەکردنی بیروباوەڕی ئازادی نەیپاراستن. گەلی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات دیوارو دەوڵەتی پێکەوە ڕووخاند، چونکە کەس نەیدەتوانی لەسێبەری ئەو ڕژێمەدا بژێت.

سەرکردەکانی حکومەتو حزبی کۆمۆنیست SED کە زۆربەیان کرێکاری میکانیکیو ڕووناکبیرو کادری حزبی بوون، سەرەتا، هەر زۆر سۆفیانە دەژیانو جیاوازییەکی ئەوتۆیان لەگەڵ زۆربەی خەڵکدا نەبوو. ئەمانە بەچاولێکردنی حزبی کۆمۆنیستی سۆڤێتو گۆڕانی هەلومەرجی ژیان، پارەیەکی زۆریان لەداهاتی دەوڵەت بۆ داپۆشینی پێویستی مادی خۆیان تەرخاندەکردو گەڕەکی تایبەتی خۆیان هەبوو، کە هیچ ئاگایان لەخەڵك نەبوو.

١٧/٦/١٩٥٣ لەبەرلینی ڕۆژهەڵاتو شارەکانیتری ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات ڕاپەڕینو لەزۆر شوێن مانگرتن کرا. لەشکری جیاجیای سوپای سووری سۆڤێتی بەئاگرو ئاسن سەرکوتیکردن.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

# حزبی سۆسیالیستی دیموکراتی PDS



مەکتەبی بیروهۆشیاری

سەرەتای مانگی ئۆکتۆبەری ١٩٨٩ لەبەرلین‌و شارە گەورەکانی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات، خۆپیشاندانی ئاشتیانەی مەزن ڕوویاندا. ڕۆژی ١٨/١٠/١٩٨٩ ئێریش هۆنیکەر سەرۆکی حزبی SED و سەرۆك کۆماری ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات، دەستی لەکارکێشایەوە. پاش یەك مانگ لەخۆپیشاندانی ئاشتیانە، بۆ یەکەمین جار پاش ٤٣ ساڵ هاتوچۆی سەر سنوور ئازاد کرا. لەهەمان کات دیواری نێوان بەرلینی ڕۆژهەڵات‌و ڕۆژاوا، ڕووخێنرا.

حزبی SED کە کورتکراوەی (حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی ئەڵمانیا) لە ٢١/٣/١٩٤٦ دامەزراو تا سەرەتای ك (١) ساڵی ١٩٨٩ تاکە حزبی دەسەڵاتداری فەرمی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات بوو. ئەم حزبە ٢,٣٠٠٠٠٠ دوو ملیۆن‌و سێ سەد هەزار ئەندامی هەبوو. زۆربەی ئەندامانی ئەم حزبە بۆ بەرژەوەندیو قازانجی شەخسیو پلەوپایە وەرگرتن، یان بەتۆپزیو ناچاری ڕوویان کردبووە ڕێکخراوەکانی حزبی دەسەڵاتدارو کرابوونە ئەندام. ئەم حزبە زەبەلاحە، بەرگەی ڕەشەبای گۆڕانکارییە خێراو بەپەلەو دیموکراتییەکانی ساڵی ١٩٨٩ نەگرت‌و لەو ٢,٣٠٠٠٠٠ ئەندامی کۆمۆنیست‌و بەبڕوای حزب، ٩٥٪ ڕیزەکانی (SED)یان جێ هێشت‌و ڕوویان کردە حزبە نوێکان، کە لقی هێزە سیاسییەکانی ئەڵمانیای ڕۆژاوا بوون.

بەشێکی زۆر کەمی پاشماوەی حزبی دەسەڵاتدار، لەگەڵ گروپی WASGD سەرەتای کانوونی یەکەم ١٩٨٩ لەبەرلین کۆنگرەیەکیان

گرتو بڕیاریانـدا، لەسـەردارو بـەردی دیـوارە داتـەپیوەکانی SED بنەمای حزبێکی نوێ دابمەزرێتو نێویان لێنا SED – PDS واتـە: حزبی سۆسیالیستی دیموکراتی، کـە حزبێکـی نوێبـوو، بـەبێ ئـەوەی دەستی بەیـەکجاری لەناسـنامەی کـۆنی خـۆی هـەڵگرتبێت. ڕۆژی ٤ شوباتی ١٩٩٠ تەنیا کورتکراوەی PDS مایـەوە، گوایـە ئـەم حزبـە دەیەوێت سۆسیالیزمێکی دیموکراسـی، نـەك دیکیتـاتۆری‌و پۆلیـسی دابمەزرێنێت. ئەم حزبە ئێستا ٦٠٣٣٨ ئەندامی هەیە.

سەرەتای یەکگرتنەوەی هەردوو ئەڵمانیا ئـەم حزبـە لەهەڵبـژاردنی ١٩٩٠/٣/١٨ (مــەکۆی گــەل)ی کۆمــاری ئــەڵمانیای ڕۆژهــەڵات بەشـداری کـردو ١٦,٤٠٪ کـۆی دەنگـەکانی وەدەسـتهێناو سۆسـیال دیموکرات لەوێ ٢١,٨٨٪ کۆی دەنگەکانی هێنا. بێگومان دیـموکرات مەسیحی CDU بەڕێژەی ٤٠,٨٢٪ کـۆی دەنگـەکانی وەدەسـتهێناو هەڵبژاردنەکەی بردەوە.

لەکاتی یەکگرتنەوەدا، حزبی PDS تەنیا لەڕۆژهـەڵات هـەبوون‌و لەڕۆژئاوا زۆر کەم دەنگیان دەدانێ. ئەوان لەسەرەتادا ببوونـە پـارێزەری دەنگو بەرژەوەندی کۆمەڵانی خـەڵکی هەرێمـە نوێکـانی ڕۆژهـەڵات. لەهەڵبــژاردنی سەرتاســەری پەرلــەمان ١٨/٩/٢٠٠٥ باڵێــك لەچەپەکانی ناو سۆسیال دیموکرات، کە سـەرۆکی پێـشووی PDS و یەکێك لەکاندیدەکانی سۆسـیال دیـموکرات بـۆ کانسلەری ئـەڵمانیا (ئۆسکار لافۆنتێن) لەگـەڵ PDS بەرەیـەکیان بـەناوی چـەپەکان ـ



سۆسیالیستی دیموکراتی Die Linke – PDS پێکهێناو پێکـەوە چوونە هەڵبژاردنەوەو ڕێژەی ٩,٨٪ کۆی دەنگەکانیان وەدەستهێنا، کـە ڕەنگە ئەمە یەکەمین جار بێت لەمێـژووی پـاش شـەڕ، لەپەرلـەمانی ئەڵمانیادا، چەپەکان ئەو ڕێژەیە وەدەستبهێنن.

داهاتی سـاڵانەی PDS لەسـاڵی ٢٠٠٢ بـۆ نموونـە تـەنیا ٢١,٩ ملیۆن ئویرۆ بووە، لەوە ٤٨٪ ئابوونەی مانگانە بـووەو ٣٣٪ لەلایـەن دەوڵەتەوە بەریان کەوتووەو ١٧٪ پیتاك بووەو ٣٪ داهـاتی جۆراوجـۆر بووە. یەکێتی دیموکرات مەسـیحی ٤٦,١ ملیـۆن ئویرۆیـان لەلایـەن دەوڵەتەوە پێدراوە.

لەناو PDS باڵی جیا جیا هەیـە. بـاڵی باڵادەسـت، دروسـتکردنی بەرەی هاوبەش‌و هاریکاری لەگەڵ (سەوزەکان)و (سۆسیال دیـموکرات) بەپێویست دەزانێت‌و لەزۆر حکومـەتی هـەرێمی ڕۆژهەڵاتـدا پێکـەوە حکومەت بەڕێوە دەبەن. بـەڵام لـەناو سـەرکردایەتی PDS کەسـانی وەکـو سـارا ڤاگنکنێـشت Sara Wagenknecht لـەدایکبووی (١٦/٧/١٩٦٩) هەیە، کـە ئێـستا ئەنـدام پەرلـەمانی ئەوروپایـەو لەساڵی (١٩٩١)ەوە ئەنـدامی سـەرکردایەتیە، نوێنەرایـەتی تـەیاری ڕادیکاڵەو دژی هەر جۆرە نزیکبوونەوەیەکە لەگەڵ حزبەکانی تر.

ئەو سوورە لەسەر ئەوەی دەوڵـەتی ئـەڵمانیای ڕۆژهـەڵات هـەر زۆر لەدەوڵەتی ئەڵمانیای فیدراڵ باشتر بـوو. ئـەو هەمیـشە پـێ لەسـەر

مەکتەبی بیروهۆشیاری

پێویستی: ((هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندییە وەبەرهێنە کەپیتالیستیەکان)) دادەگرێت، خەون بەکۆمەڵێکی ترەوە دەبینێت.



مەکتەبی بیروهۆشیاری

مەكتەبی بیر و هۆشیاری

# چەمكی تاكو ئازادیو یەكسانی



مەكتەبی بیر و هۆشیاری

دروشمی سەرەكی شۆڕشــی فەرەنــسی ســێ ووشــە بــوو: ((ئــازادی، یەكسانی، برایەتی)). چەمكی یەكسانی هەر یەكە بەجۆرێك پێناسەی دەكرد. چەپەكان پێیــان وابــوو، یەكــسانی نابــێ تــەنیا لەچوارچــێوەی پێناسە قانوونیەكان بۆ مافو ئەرك قەتیس بكرێت، بەڵكو ئەو داوایە بۆ بواری مادیو ئابووریش شۆڕ بكرێتەوە: گوایــە دەبــێ هــەر هــەموو جیاوازییــەكان بــسڕێنەوە، بۆئــەوەی كــەس كــەس نەچەوســێنێتەوەو دادپەروەری (عەدالەت) لەجیهاندا بێتەدی. دیارە یەكــسانی جۆرێكــە لەجۆرەكانی دادپەروەری، بەڵام مەرج نییە دادپەروەری یەكسانی بێت.

ئەو شتە مادییانــەی تــاك پێویــستی پێیــان هەیــە، هــەر تاكێــك دەتوانێت بەشی خۆی پێشكەش بكرێت. ئــەو شــتە مادییانــەی تــەنیا بەكۆمەڵ دەتوانرێــت ســوودی لــێوەربگیرێت، ئــەوە دەبێتــە مــوڵكی گشتیو نەك موڵكی تاكە كەسێك. ئەم پرنسیپە لەپرۆژەی هەرەوەزیدا بەدی دەكرێت. بیرۆكەی كیبووتس لەبەگشتیكردنی پــڕۆژەی هــەرەوەزی تا ئەمڕۆش بەردەوامە، هەرچەند كۆمەڵێك گۆڕانی بەســەردا هــاتووە. چەمكی یەكسانی لەلایەكەوە كاریگەریتی سیحراوی بۆ خەباتی خەڵك دژی زوڵمو زۆرو نادادپــەروەری هــەبووە، لەهــەمان كاتــدا تەمومــژی گەورەی لەناو چەپە دۆگماكان دروستكرد. ئەوان پێیان وابوو یەكــسانی مادی، هەلومەرجی ئەوە دروست دەكات خەڵك وەكو یەك بیر بكەنەوەو جیاوازی لەنێوانیاندا نەمێنێت. لەهەستو نەستدا یەكسان بنو دەبــێ پێویستیەكانی بەشێوەی یەكسان بخرێتەڕوو.

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

ئەگەر یەکێك ویستی یەکسانی لەبیرکردنەوەدا هەبێت، یەکسانی لەهەستو نەستدا، یەکسانی لەپێویستیە مادیەکان داوا بکرێت. ئەم جۆرە خەڵکە چەپە دۆگمایە، کە بەرگی یەکسانی دەکەنە بەر هەموو دیاردەیەك، ئەوەی بەبۆچوونی ئەوان نایەکسان بێتو جیاواز بێت، ئەوان دژی دەوەستن. هەرچی نوێ بێت، تایبەتمەندێتی خۆی هەبێتو بەجوانترین شێوە بپشکوێت، بەدڵی ئەوان بێت.

ئەم جۆرە لەچەپی نادیموکرات ناتوانێ جیاوازیو ناکۆکی لەگەشەکردنی کولتووریو سیاسیو فەرهەنگیو کۆمەڵایەتی ببینێت. لەسنووری بیرکردنەوەی ئەواندا ((تاك ـ Individuell)) هیچ شوێنێکی ئەوتۆی بۆ دانەنراوە.

هێزە سیاسییەکان، کە دیلی ئایدۆلۆجیای داخراوو بیرکردنەوەی دۆگمایین، هەوڵ دەدەن ڕێکخراوی یەك شێوەیی پێکەوە بنێن. بەچواردەوری خۆشیاندا ((شورە چینی)) زۆر بەرز هەڵدەبەستنو تەنیا سەری بیرەکە دەبینن. لەدیوی دەرەوەو ناوەوە، یەك شێوەو یەك ڕەنگ خۆی بنوێنێت: لەکۆریای باکووری سەردەمی کیم ئیل سۆنگو کیم یۆنگ ئیل، جلی یەك ڕەنگ لەبەر دەکەن. لەئەفغانستانی سەردەمی تالیبان جەنگاوەرەکانی سەردەمی بەرد هەموو ڕیش درێژو شەرواڵ کورتو قەمە بەدەست بوون. لەسێبەری ئەم جۆرە فەرمانڕەواییەو حکومەتەدا، هەوڵ دەدرێت یەك شێوەی زانیاریو یەك خوێندنەوەو یەك بیروڕاو یەك بۆچوون بسەپێنرێت، کە نابێ سەرووی تێگەیشتنی



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

((مەلا عومەر))و ((مەلا داد))و ((کیم یونگ ئیل))و((عیزەت دووری)) بێت.

یەك کەس لەسەری سەرەوەیە، ئەو بڕیار دەدات ((یەکسانی)) چییە؟و نایەکسانی چییە؟ کام ڕەنگ دەبێ لەبەر بکرێت؟ کام بیروباوەڕ بەسوودو قازانجەو کامە بێ سوودو زەرەر بەخشە؟ یەك کەس لەسەری سەرەوە دوا بڕیاری بەدەستەوەیە. دەبێ جیهانی هەستی کوڕو کیژی هەرزەکارو تازە پێگەیشتوو بەکام ئاقار ئاڕاستە بکرێتو سنوور بۆ ((زیادەڕۆیی))و سنوور بەزاندن دانرێتو دانەنرێت؟

ئەگەر کەسێك لەسەری سەرەوە هەبوو، چوارچێوە داڕێژەرو بڕیاردەربوو لەسەر شێوەو ناوەڕۆکی یەکسانیو دەسەڵاتی ڕەهای بوو لەسەر ویستی سەرجەمی کۆمەڵو کۆمەڵ ((ئازادی ڤین))ی سەنرابووەوە. ئەو خاوەن دەسەڵاتە، لەسەر هەموو شتێك دوابڕیاری بەدەستەوەبوو. کەواتە: یەکسانی بەدیلی ڕەوانەی تاراوگە کراوەو ملی لەژێر چەقۆی یەك کەسدایە! کێشەکە هەر ئەوە نییە، یەکێك لەسەرەوەیەو مافی دانانی چوارچێوەو ((حەڵاڵ))و ((حەرام))ی هەیەو کاریگەرێتی بێسنووری هەیە لەسەر سنووری مافو کاریگەرێتی، بەمەش ئیدعای یەکسانی لەسێبەری ولاتانی ((سۆسیالیستی دەوڵەتی))دا، تەنیا بەنووسینو ڕاگەیاندن بووە، نەك بە ((عەمەلی))و کردەوە.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

لەبن سێبەری ((سۆسیالیستی دەوڵەتی))دا، سادەترین بوار بۆ ((تاك)) نەهێڵرابووەوە. ئازادی تاك Individuell دان نانە بەجیاوازی تاكو هەبوونی كولتووری جیاوازو ڕەخساندنی هەلومەرجو زەمینەی گەشەكردنی كولتووری جیاوازو جیاوازی كولتووری. لەكاتی ((شۆڕشی ڕووناكبیری)) چین لەكۆتایی سەدەی پێشوو، سیستمی یەك جلوبەرگو یەك تامو چێژ سەپێنرا. پەرستگای بوودیەكانیان لەتیبت دەڕووخاندو زانا ئایینیەكانیان ڕاودەناو هەرچی هەبوو و نەبوو، گڕی تێ بەردرا. مۆسیقای باخو بیتهۆڤنو مۆتسارت قەدەغەكرا. چیرۆكەكانی فرانس كافكاو تابلۆكانی دالی لای ئەوان دژی یەكسانیو سۆسیالیزم بوو.

لەسەردەمی (پۆل پۆت)ی كەمبۆدیا توندڕەوی (خمێر ڕووج) گەیشتە دزێوترین هەڵپەساردنی مافی مرۆڤو ئازادی تاك. تەنانەت بڕیاردان لەسەر ژیانی هاوسەرێتی لەلایەن تاكەوە نەدەدراو سەركردە باڵاكانی حزبو دەوڵەت بڕیاریان لەسەر جیهانی هەستو حەزو ئارەزووی مرۆڤ دەدا.

لەو دەوڵەتانەی بواری مافی تاك لەكۆمەڵدا دەسڕێتەوە، هەرچی سەرەداوەكانی ڕۆحی تاك هەیە بەدەسەڵاتێكی باڵا دەسپێردرێت، ئەوەی لەمەزهەبی شیعەدا پێی دەگوترێت ((مرجع)). هەرچی كێشەی شەرعو سیاسەتو دینو دونیا هەیە، ڕەوانەی (مەرجەع) دەكرێتو ئەو بەتەنیا دوا قسە لەسەر مەسەلە چارەنووسسازەكان دەكات. ئیدی ئەو



مەرجەعە دوا بڕیاری بەدەستەوە دەبێت. هەر ئەو دەسەڵاتی ئەم دیوی پەردەی بینراوو نەبینراوی بەدەستەوە دەبێت. هەر ئەو دەزانێت پێوەرەكانی پێناسەی ((ڕاست))و ((ناڕاست)) چین؟

كەسایەتیەك بەتوانای تیۆری زۆر لاوازو سنووردارو پلەیەكی كۆمەڵایەتی بێبایەخەوە خەونی دەسەڵاتی گەیاندە دوا سنووری ئەفسانەو داستان. ((یۆزیف ستالین))و ((كاسترۆ))و ((كیم ئیل یونگ))و ((نیكۆلای چاوچیسكۆ))... هتد. دامەزراوەی حزبی كۆمۆنیست تانوپۆی سەپاندنی دیكتاتۆریو پەرستنی دوا شێوەكانی دواكەوتنو بەجێمانی گرتە ئەستۆ.

چەپی دیموكرات، بەپێچەوانەی چەپی دۆگمایی بەرچاوگیراو، بڕوای بەدەسەڵاتی نەگۆڕ نییە. دەسەڵات لای ئەو نوێنەرایەتی خەڵكو پەیامێكی مرۆڤایەتییە. ئەو بڕوای بەدەسەڵات گۆڕكێ، ئاڵو گۆڕی دەسەڵات هەیە، لەنێوان زۆرایەتیو كەمایەتی نێو پەرلەماندا. دەسەڵات جێگەی خۆی بەشێوەیەكی ئارەزوومەندانە بەئۆپۆزسیۆن دەداتو خۆی دەبێتە ئۆپۆزسیۆن تا ئەو ڕۆژەی زۆرایەتی ناو كۆمەڵ سەرلەنوێ متمانەو بڕوایان پێدەبەخشێتەوە.

دەوڵەتی قانوون دەستەبەری سەلامەتی ئاڵوگۆڕی دەسەڵات دەكات. حزبی كۆماری بۆ ماوەی چوار ساڵ كلیلی دەسەڵاتی پێدەسپێردرێت. ئەو چوار ساڵە نابێتە چوار ساڵو یەك ڕۆژ. دەسەڵات نەرێگە بەخۆی

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

دەداتو نەدەستوورو پەرلەمان ڕێگە بەدەسەلات دەدەن، پاش تەواوبوونی ماوەی دەسەلات پێسسپاردن تێپەڕێنێت.

هەڵبژاردن چوار ساڵ جارێ دەکرێت. زۆرایەتی خەڵکی ناو کۆمەڵ نوێنەری خۆی بۆ پەرلەمان هەڵدەبژێرێتو ئەو زۆرایەتیە کلیلی دەسەلاتی پێدەسپێردرێت تا هەڵبژاردنی داهاتوو. هێزێکی سیاسی لای زۆرایەتی ناو کۆمەڵ ڕاستگۆیيو متمانەی لەدەستداو نەیتوانی ڕەزامەندی خەڵك مسۆگەر بکات، ئەو هێزە، ڕێگەی پێنادرێت، بەزۆری زۆرداری خۆی بسەپێنێتو دەست لەکورسی دەسەلات بەرنەدات.

هێزێکی بچووکی ئۆپۆزسیۆن مافی خۆیەتی، بەشێوەی دیموکراسيو ئاشتیخوازی بۆ دەسەلات وەدەستهێنان خەبات بکات. بەمەرجێ بەرنامەی خۆی بخاتە بەردەم کۆمەڵانی خەڵكو بتوانێ دڵو مێشکیان بۆلای خۆی ڕابکێشێت. هێزێك نەتوانێت جێگەی بڕوای زۆرایەتی ناو کۆمەڵ بێت، بۆ بەزۆرەملێ خۆی لەجڵەوی ئەسپی دەسەلات دەست بەرنەدات؟

یەکێك لەو ((وەهم))ە گەورانەی سەرکردە نەگۆڕەکانی ((سۆسیالیستی دەوڵەتی)) بەسەرەوە تێیکەوتن، بڕوایان بەدەستوورو دەوڵەتی قانوون نەبوو. بۆ ئەوان مێژووی حزب ئیلهامبەخشو ڕەوایی مێژوویی فەرمانڕەوایی بوو. ئەو بەرپرسیارە گەورانە بڕوایان بەهەڵبژاردنو میکانیزمو ڕێسای دەسەلات گۆڕکێ (تداول السلطة)و



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

زۆرایەتیو کەمایەتی نەبوو. بەگوێرەی تێگەیشتنو عەقڵو میزاجی خۆیانو شەرعیەتی شۆڕشگێڕانە حوکمڕانییان دەکرد. بەشێکیان کاتێك بەئاگا هاتن لوولەی تفەنگی خۆپیشاندەران لەسەر سینگیان بوو. لافاوی کۆمەڵانی خەڵك، شەپۆلی دەدا، سۆسیالیزمو دەسەلاتو سەروەری ئەوان، بەجارێ وەبن ئاو کەوت.

یەکێك لەکارەساتەکانی چەپی دۆگمایی ئەوەبوو، چاویلکەیەکی پەمەیی ئەستووری لەچاوکردبوو، هەرچی ڕەشو بۆرو دێزو دڕكو داڵ هەیە، هەر هەمووی، یەکپارچە، بەگوڵو گوڵزار دەبینی. ئیدی پێیوابوو، هەر گۆڕانکارییەك، بەزیانو شێواندنو وێرانبوون تەواو دەبێت، بۆیە هەر دەستکارییەك، ئەنجامەکەی باش نابێتو کارەساتی مەزنی بەدواوە دەبێت.

کوورت هاگەر Kurt Hager ئەندامی مەکتەبی سیاسیی کۆمیتەی ناوەندی SED لەدوا سەردانیدا بۆ ئیتالیا، چاوی بەباڵیۆزی ئەڵمانیای ڕۆژهەلات لەڕۆم، کەوت. بەسەرسوڕمانەوە، پرسیاری ئەوەی لێدەکات: بۆ خەڵك ئەوەندە ناڕازین؟ هەرهەموو خانوویان هەیەو هەموو ماڵو حاڵی خۆیان هەیەو پۆشتەو پەرداخنو نانو ئاویان هەیە. لەوە زیاتر چییان دەوێت؟ دیارە کوورت هاگەر لەگۆشەنیگای بزاڤی کرێکارانی بیستەکانی سەدەی بیستەمەوە، سەیری گەشەکردنی کۆمەڵو داواکاریو حەزو ئارەزووی خەڵکی کردووەو هەر زۆر بەسەردەمی خۆی نامۆ بووە. ئەو نەیتوانیوە

مەکتەبی بیروهۆشیاری



مەکتەبی بیروهۆشیاری

بەراوردێك لەنێوان هاوولاتی ئەڵمانیای ڕۆژهەلاتو ڕۆژاوا بکاتو جیاوازییەکان ببینێت.

چەپی دۆگمایی بەشێوەیەکی زۆر سادەو نازانستیو کرچو کاڵو زاتی سەیری کۆمەڵو مێژوو دەکات. تەنیا ئەنجامو ڕەنگدانەوەو سێبەر دەبینێت. ئەو شەمەندەفەری ڕووداوە خێراکان دەبینێت، بەبەرچاویدا تێدەپەڕن، بەلام توانای ئەوەی نییە دەست بداتە جانتا قورسەکانیو لەگەڵ ئەو خەڵکەدا سوار بێتو بڕوات. تەفسیر کردنو ڕاڤەکاری ئەو بۆ ڕووداوەکان، پەیوەندی بەیەکەوە نییەو سەرەداوەکان بەیەکەوە گرێنادرێت.

سارا ڤاگنکنێشت، کە لەمیدیای ئەڵمانیا بەڕۆزا لوکسمبوورگو بەشۆخو شەنگی ناوی دەرکردووەو یەکێکە لەسەرکردە گەنجەکانی حزبی سۆسیالیستی دیموکراتی PDS ئێستاش پێیوایە، ئەگەر لەبری ئێرش هۆنیکەر یەکێکی وەکو ڤالتەر ئۆلبرێشت حوکمی بکردایە، سیستمی ئەڵمانیای ڕۆژهەلات نەدەڕووخا. لەبەرئەوەی ئۆلبرێشت لەهۆنیکەر چاکتر بوو. ئەم تێگەیشتنە هەڵەیە، تەنیا لووتکەی شاخە بەفری بن ئاو دەبینێتو بەشی خوارەوەی ژێر ئاوەکە نابینێت.

مەكتەبی بیروهۆشیاری

# سەوزەكان لەنێوان ژینگە پارێزیو گۆڕانی كۆمەڵایەتیدا



مەكتەبی بیروهۆشیاری

ئەمڕۆ لەسەر شانۆی سیاسی ئەوروپیدا، سەوزەكان هێزن: هێزێكی گرنگو كاریگەرو گۆڕێنەرن. سەوزەكان، وەكو حزبێك چالاكنو بەناوی ((سەوزەكان))ەوە كار دەكەن (ئەڵمانیا بۆ نموونە)، لەولاتی تر نێوی تریان هەیە: ((ژینگە)) یان ((سروشت)) یان ((ئیكۆلۆگی))، ناوە جۆراوجۆرەكان نەبۆتە رێگر لەبوونی بەرنامەی نزیكو هاوشێوە. ڕاستە ئێمە ئێستا سەرقاڵی نووسینو لێكۆڵینەوەو لێدوانین لەسەر سۆسیال دیموكراتو ژمارەیەك ڕایەڵو خاڵی هاوبەشو یەكانگیرو تەریب، لەنێوان هەردوولادا هەیە، بەلام سەرچاوەی جیهانبینیو تێڕوانینی تیۆریو تێگەیشتنی سیاسییان جیاوازە. وێڕای ململانێو شەڕە دەنووكو دانپێنەنانی یەكتر، بۆ ماوەیەكی دوورو درێژ، سۆسیال دیموكرات، كە پتر لەسەد ساڵ پێش سەوزەكان دامەزراوە، لەژێر كاریگەری ((بیروباوەڕی سەوز))دا كۆمەڵێك هەنگاوی سەوزی ناوەو بەرنامەی سیاسی خۆی بەرامبەر بەژینگە گۆڕیوە. لەڕووی دۆستایەتیو كاری سیاسی هاوبەشەوە، ئێستا هەردوولا نزیكترین لایەنن بۆ پێكهێنانی بەرەی حوكمڕانی هاوبەشو دروستكردنی زۆرایەتی ناو پەرلەمان.

دەركەوتنی سەوزەكان بەبەرنامەی (ئیكۆلۆگی – ecology)یانەوە، بەهەڵسوكەوتی كۆمەڵایەتیو كولتووری سیاسی جیاوازیانەوە، گۆڕانێكی كۆمەڵایەتی ـ سیاسی قوڵیان لەكۆمەڵە ئەوروپییەكاندا بەدیهێناوە. ئەوان بەبەرزكردنەوەی دروشمی ئاشتی،

مەکۆی بیر و هۆشیاری

لەکاتی شەڕی سارددا، دژایەتیکردنی بەکارهێنانی چەکی ناووکی (نوکلیار)و کێبڕکێی ئەتۆمی، جوڵانەوەی ئاشتییانەیان بەهێزتر کرد. ئەوان لەسۆنگەی پەرۆشییان بۆ بەرزکردنەوەی ڕێژەی ئەندامانی مێینە، لەناو بزوتنەوەکەیاندا، زۆرایەتی لەسەرکردایەتی حزبو نوێنەرانی پەرلەمان، ژن پێکیدەهێنێت. ئەوان بۆ هەر پۆستێکی باڵاو گرنگ ٥٠٪یان بۆ ژنان پاوان کردووە. پاشان هەڵبژاردن، لەسەر (٥٠٪)ەکەی تر دەکرێت، کە بێگومان سەرکردە نێرینەکان ناتوانن زۆرایەتی لەو هەڵبژاردنەدا بەدەست بهێنن.

سەوزەکان، پارێزگاری ژینگە، یان ژینگەپارێزی،بەمەرجی بنچینەیی پێشکەوتنی تەکنۆلۆجی تێدەگەن. ئەوان لەسەردەمی جەنگی ساردا، دوژمنی سەرسەختی خۆ پڕ چەککردنی ناووکی (نوکلیاری) بوون. بەچالاکی ڕاگەیاندنو نووسینو خۆپیشاندانو نارەزایی دەربڕین، لەنێو پەرلەماندا، ئەو سیاسەتەیان ڕیسوا کرد. ئێستا خەبات لەپێناوی دابەزین لەبەرنامەی وزەی ئەتۆمی دەکەن. داوا دەکەن پشتگیری پیشەسازی وزەی سروشتیو ژینگەپارێزی بکرێت: (وزەی هەتاو، وزەی ئاو، وزەی با، وزەی بیۆلۆگی، ...). ئەوان لەسەر ئەم بنەمایە کار دەکەن. ڕیفۆرمی کۆمەڵایەتیو چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان، لەهەمان ڕوانگەوە دەبینن. بۆ نموونە: ئەوان پێیان باشە ئۆتۆمۆبێل، بەبەنزین پڕ نەکرێتو تەنیا ئەو ئۆتۆمۆبێلانە بەسەر ڕێگاکاندا بڕۆن، کە بەوزەی هەتاو یان بەوزەی ئاو کار دەکەن... ئەوان



مەکۆی بیر و هۆشیاری

پشتگیری ئەوە دەکەن، ماڵان بەسیستمی زۆلار گەرم بکرێتەوەو بەشەو ڕوون بکرێتەوە. (سیستمی زۆلار ـ Solar، سیستمێکە بەتیشکی هەتاو، بەوزە بارگاوی دەبێت).

ژینگە پارێزیو بەرنامەی ئیکۆلۆگی لەژیانی ئەندامو لایەنگرانی سەوزەکاندا ڕەنگی داوەتەوە: ئەو ڕەنگدانەوەیە، تەنیا لەسنوری بیرو دروشمو وتەدا نەماوەتەوە، بەڵکو ئەخلاقو جلو بەرگو خواردنو خواردنەوەو هەڵسوکەوتی ئەو خەڵکەی گۆڕیوە. ئەوان جلێك لەبەر ناکەن نایلۆنو کەرەسەی کیمیایی تێدا بێتو جلو بەرگی خوریو لۆکەی سروشتی لەبەر دەکەن. لەهەر شارێك نانو سەوزەو میوەو خواردنەوەی بیۆلۆگی، یان بەسروشتی بەرهەمهێنراو، لەچەند دوکانو سوپەرمارکێتێك دەفرۆشرێتو لەوێ زۆربەی سەوزەکان خواردنو خواردنەوەی خۆیان دەکڕن، ئەگەرچی لەڕووی داراییەوە زۆریش لەسەریان بکەوێت.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

# سەرەتاو پێکهاتن



مەکتەبی بیروهۆشیاری

سەوزەکان، کە لەکۆتایی حەفتاکانی سەدەی بیستەمەوە، وەکو بزاڤێکی ڕەسەنو چەپ لەسەر سەکۆی ڕووداوەکاندا دەرکەوتوون تا ساڵی ١٩٩٠ زۆرینەی سەرکردەو ئەندامانی، خۆیان بەحزب دانەدەنا. سەرکردەیەکی وەکو پیتراکەلی Petra Kelly بەڕاشکاوی دەیگوت: ((ئێمە حزبی دژە حزبین)) Antiparteien-Partei واتە: حزبێك، کە نایەوێت ببێتە حزبو دژی ڕێکخستنو پێکهاتەی حزبو چەمکە بنچینەییەکانی حزب بوون: سەرکردەو مەکتەبی سیاسیو کۆمیتەی ناوەندیو کۆنگرەو زۆرایەتیو کەمایەتیو دیسپلینو .. هتد. یەکێکی تری وەکو یواخم راشکە دەیگوت: سەوزەکان حزبی ((ویستو ئارەزووە ناکۆكو دژەکانە)) ئەم تێگەیشتنەش بۆ چەمکی حزب، پێچەوانەی ڕێسای باوی حزبی کلاسیکە، حزب بریتییە لە ((یەکێتی ڕێکخستنو یەکێتی بیروباوەڕو یەکێتی...)).

سەوزەکان، هەر بەمەبەستو بەبێ پێچوپەنا بەخۆیان نالێن: ((حزب)) یان ((پارتی))و ئەوان ((سەرۆك))و ((سکرتێری گشتی))یان نییە. دوو ساڵ جارێك یەکێك وەکو ((گوتەبێژی حزب)) یان ((گوتەبێژی سەوزەکان)) هەڵدەبژێرن. ئەو کەسە دەسەڵاتی سەرکردەو سەرۆكو سکرتێری گشتی نییە.

ئەو یەکێکە لەسەرکردەکانو هیچ جیاوازییەکی بەرچاوی، لەڕووی مادیو مەعنەویو دەسەڵاتو ئیمتیازاتەوە، لەگەڵ چوار سەرکردەکەی تردا نییە. ئەو دوو ساڵەکەی خۆی تەواو کرد، ئیدی لەکۆبوونەوەی

مەکتەبی بیروهۆشیاری

سالاّنەدا، یان بۆی نویّ دەکریّتەوە، یان یـەکیّکی تـر هەلّدەبـژیّردریّت. سەوزەکان سالاّنە، یان چوار سالّ جاریّك کۆنگرە ناگرن. کۆنگرە ناویّکی تری هەیە: کۆبوونەوەی گشتی هەریّمـەکان. لـەویّ لەسـەر گۆڕانـدنی هەندیّ برگەی پەیڕەوو پرۆگرام بڕیـار دەدریّـت. سـەرکردایەتی کـۆن، دەست لەکار دەکیّشیّتەوەو سەرکردایەتی نـویّ هەلّدەبـژیّردریّت. هـەر ئەندامیّکی پەرلەمان بۆی هەیە یەك جار لەسەر لیستی سەوز بیّـتو بۆ پەرلـەمان هەلّبـژیّردریّت. ئـەم کۆمەلّـە خالّـە لەگـەلّ پیّناسـەی کلاسیکی حزبدا ناگونجیّت، لەگەلّ ئەوەشدا، بەگویّرەی کتیّبـی یاسـای فیدرالی، سەوزەکان ((حزب))ن.

یـەکیّك لـەهۆکارەکان، کـە سـەوزەکان لەوشـەی ((حـزب)) دەپرینگیّنـەوەو نایانـەویّت، بـە ((حـزب)) نـاوبریّن، مەسـەلەکە ڕیّکەوتو بیّئاگایی نییە. ئەوان بەمەبەست، هەر لەوشەی ((حـزب)) نزیـك بوونـەوە، لادەگـرنو بـەودیودا پـیّچ دەکەنـەوە. خۆپاراسـتن لەبەکارهیّنانی وشـەی ((حـزب)) لەگـەلّ ((سـەوزەکان)) پەیوەنـدی بەکۆمـەلّیّك پیّـشینەی میّژووییـەوە هەیـە، کـە ڕۆلّـی هـەبووە لەدروستبوونو سەرهەلّدانو ڕسکانی ئەوان.

ئـەوان لەبنەڕەتـدا لەیەککگرتنـەوەو نزیکبوونـەوەی ژمارەیـەك ((بزوتنـــەوە))و ((دەستپیّـــشکەری))و ((ئەکـــشن action)) پیّکهـــاتوون، نـــەك لـــەڕیّکخراوی ((تۆکمـــە))و ((ئاســـنین))و



مەکتەبی بیروهۆشیاری

((نهیّنی))ی خاوەن بیروبـاوەڕی دۆگمـاییو ئایـدیۆلۆجیای نـەگۆڕەوە، سەرچاوەیان گرتبیّتو ویستبیّتیان ((یەك حزب)) دروست بکەن.

ڕەگوڕیـشەی ئـەم بزاڤـە بـۆ چـەند گـروپو دەسـتەو بـزاڤو دەستپیّشکەرییەك دەگەڕیّتەوە، کە لەم خالاّنەی خوارەوەدا کۆدەبیّتەوە:

١. جولاّنەوەی خویّنـدکارانی ١٩٦٨و سـەرەتای هـەفتاکان، بەسـەر چەندین لقو پۆپدا دابەش بوو. شەقلّی سەرەکی ئەم جموجولاّنە، سنوری ناوچـەیی تیّنەدەپەڕانـدو بەگـشتی چـەپی نـویّی نادۆگمـایی بـوون. بەشیّکیان گروپی دژ بەچەکی ئەتۆمی بـوون. بەشـیّکی تـر لـەدەوری بـیرۆی سۆسیالیـستی کۆبوونـەوە. دەسـتەیەکیان ئاژاوەگـەراییان (ئەنارشی) بەباشترین چارەسەری سیاسی دادەنا. گروپیّکی تـر بڕوایـان بەشیّوەی ژیانی ((شاری هیندیە سوورەکان)) هـەبوو. ئـەوەشمان بـیر نەچیّتەوە زۆربەی زۆری لایەنگرانی بزاڤی خویّنـدکارانی ١٩٦٨ لـەناو حزبە سیاسییەکانی ئەو کاتەدا جیّگەی خۆیان کردەوەو توانەوە.. هتد.

٢. سـەرەتای هـەفتاکانی سـەدەی پیّـشوو، ژمارەیـەك ڕیّکخـراوی ژینگەپاریّزیو دژە وزەی ئـەتۆمیو یانـەی هەلّبـژیّرەری ناوچـەییەکان (کۆمۆنال) کە لەڕووی سیاسییەوە، هـەر زۆر لیّکـەوە دوورو ناتـەباو نەگونجاو بوون، هەر هەموویان لەبن چەتریّکی سەرتاسەری کۆبوونەوە. ژمارەیان خۆی لە (١٠٠٠) یەك هـەزار دەسـتەو گـروپو یانـە دەداو ژمارەی ئەندامانیان (٣٠٠٠٠٠) سیّ سەد هەزار ئەندام دەبوو.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

٣. هەر لەم کاتەدا، چەندین جولاّنەوەی کۆمەلاّیەتی سەریان هەلّدا. بزوتنەوەی ژنان بەهێزتر بوو. بزاڤی ئاشتی، کە دژی دانانی چەکی ئەتۆمی بوو لەئەوروپادا، چوارچێوەیەکی بۆ خۆی دۆزییەوە، جولاّنەوەی ئیکۆلۆگیش (ecology) تەشەنەی سەند. لێرەشدا تێبینی ئەوە دەکرێت، زۆرایەتی لەلایەنگرو هەلّسوڕێنەرانی ئەم بزاڤە، لەبن سێبەری درەختی سەوزەکان نەگیرسانەوە، بەلّکو ڕوویان کردە ئامێزی هێزە سیاسییە سەقامگرتووەکان، بەتایبەتی سۆسیال دیموکرات. سەوزەکان لەم کاتەدا لەقۆناغی دروستبوونو دامەزراندندا بوون، بەبێ ئەم بزوتنەوە کۆمەلاّیەتییانەو تێکەلاّوبوونیان لەگەلّ یەکتردا، قەت لەدایك نەدەبوونو خۆیان پێ ڕانەدەگیرا.

٤. زۆر کەس لەڕیزەکانی سۆسیال دیموکرات، بەهۆی سیاسەتی بەرگریو ئەتۆمی هیلمۆت شمت، تووشی ناکامیو نائومێدی بوونو ڕیزەکانی سۆسیال دیموکراتیان جێهێشتو ڕوویان کردە سەوزەکان.

٥. پاش ١٩٦٨ نەوەیەکی نوێ دروستبوو، کە بەشێوەی پۆست مەتیریالیزم ئاڕاستە کرابوونو هەلّسوکەوتو ڕەفتاریان گەشەی کردبوو. ئەمانە بۆ ئازادی (ئیندیڤیدوێل ـ Individuell) تاکایەتی دەکۆشانو دەیانویست خۆیان گەشە پێبدەنو کەسایەتی خۆیان بدۆزنەوە. ئەمانە ((بەها کۆنەکان))ی کۆمەلّی ئەلّمانی کلاسیکی وەك: ڕەنجدانی گورجو گۆلاّنە، ئامادەیی پێشکەشکردنی خزمەتو بێدەنگیو پارێزگاری سیستەمو ڕێکوپێکی.. هتد، بەبێ



مەکتەبی بیروهۆشیاری

نرخو بایەخ تێدەگەیشتنو بڕوایان بەبەهای تر هەبوو، کە بۆنەوەی کۆن جێگەی سەرسووڕمانو تێنەگەیشتن بوو.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

# مێژووی دروستبوون



مەکتەبی بیروهۆشیاری

ژمارەیەك ڕێكخراوی ناوچەیی سەوزو دەستپێشكەری هاووڵاتی بڕیاریاندا بەشداری لەهەڵبژاردنی ئەوروپای ساڵی ١٩٧٩ بكەن، توانییان ٣,٢٪ی كۆی گشتی دەنگەكان وەدەست بهێنن. یاسای هەڵبژاردنی ئەوروپی پێویستی بە ((ناو))ێك هەیە، كە لەسەر لیستی دەنگدان دانرێت، ئەوانیش ((سەوزەكان))یان بۆ خۆیان هەڵبژاردو ئەمەش هەنگاوی یەكەم بوو بۆ لەدایكبوونی حزبێك.

ڕێژەی ٣,٢٪ بەسەركەوتنێكی گەورە بۆ سەوزەكان دانراو (٩٠٠,٠٠٠) نۆ سەد هەزار كەس دەنگی بۆ ئەواندا. مەبەستی سەوزەكان ئەوەبوو، یارمەتی دەوڵەتی بۆ تێچوونی هەڵبژاردن وەربگرن، كە بڕی ٤,٥ چوار ملیۆنو نیو ماركیان دەست كەوت. پێش هەڵبژاردنی ئەوروپا ڕێكخراوێكی سەوز لەشاری برێمن توانی لەساڵی ١٩٧٩ دەست لەچەند كورسییەكی پەرلەمان گیر بكات.

لەهەڵبژاردنی ٦/٣/١٩٨٣ بۆ یەكەمین جار سەوزەكان چوونە پەرلەمانی ئەڵمانیاوەو ڕێژەی ٥,٦٪ی كۆی دەنگەكانیان وەدەستهێناو (٢٧) پەرلەمانتاری سەوز جێگەی خۆیان لەسەر كورسی ئۆپۆزسیۆن گرت.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

# پرۆگرام



مەکتەبی بیروهۆشیاری

لەڕووی پرۆگرامەوە، سەوزەکان وادەردەکەون، کە براڤێکی بەرنامەی یەك خاڵی بن‌و لەژینگە بەولاوە سەرقاڵی هیچ شتێکی تر نەبن‌و ئاڕاستەی هێرش‌و پەلامارەکەیان تەنیا ڕووەو وزەی ئەتۆمی بێت. پاش ماوەیەك سێبەری درەختی پرۆگرامەکەیان ژیانی سیاسی‌و کۆمەلایەتی‌و ئابووری گرتەوە. هەرچەند بەلایانەوە زەحمەت بوو خۆیان لەو دەریایە بدەن‌و بەرنامەی باش‌و تۆکمە بۆ کێشە ئابووری‌و کۆمەلایەتی‌و سیاسییەکان دارێژن. سەرچاوەی سەرئێشەی پرۆگرام گەڵاڵەکردن، پەیوەندی بەفراوانی کەوانەی جیاوازی بۆچوون‌و تێگەیشتنەوە هەبوو بۆ کێشە کلێپەسەندوەکانی ناو کۆمەڵ.

هەر گروپێك ((داستان‌و شانامە))و جیهانبینی‌و ئەزموونی خۆی بۆ ناو ((براڤی نوێ)) گواستبووەوەو ئامادەنەبوو دەستبەرداری شێوەی کارو بیرکردنەوەی جارانی خۆی ببێت. هەر یەکە دەیەویست بیرکردنەوەو تێگەیشتن‌و ویست‌و ڤینی پێشووی بەسەر هەموو گروپ‌و ڕێکخراوو دەستەکانی تردا بسەپێنێت. کەس ئامادەی کۆمپرۆس Compromise (ڕێکەوتن لەسەر خاڵی هاوبەش) نەبوو. ئەمەش بوارێکی فراوانی بۆ ململانێ‌و زۆرانبازی دروست کرد. بەشێك لەگروپەکان نوێنەرەوەی تاکی ئەنارشی بوون. بەشێکی تر هەڵگری ئاڵای ئازادی‌و کاری کوتوپڕ بوون. ژمارەیەك بڕوایان بەئاشتی مەسیحییانە هەبوو، بەتایبەتی پرۆتستانتی. ژمارەیەکی تر مارکسی چەپی نوێ بوون، بەڕەنگ‌و ئاوازو سێبەری جۆراوجۆرەوە. ژینگەپارێزە

کۆنە پارێزەکانیش، جێگەی خۆیان لەناو دڵی بزاڤەکە کردبووەوە... هتد. ئەم هەموو دەستەو تاقمو باڵو شاباڵو فراکسیۆنە هەر یەکە لەئاوازێکی دەخوێند. تا ئەمڕۆش بەدەست کێشە کۆنەکانەوە دەناڵێنن. بۆیە دارشتنی پرۆگرام دەبێ چوارچێوەی کۆمپرۆس‌و دڵڕازیکردن‌و پشی پشی دەوێت، ئەمەش ڕێگرە لەگەشەکردنی سەوزەکان، چونکە ناتوانرێت خاڵەکانی پرۆگرام بەڕوونی بنووسرێن‌و خاڵە گرنگەکان سەرو بۆریان بۆ بکرێت.

بەگشتی ئەوان لەسەر چوار تەوەر ڕێکن‌و ئەو بڕگانەی شەرە دەنووکی لەسەر دروست دەبێت، ئەوە پووش بەسەری دەکەن تا ڕۆژێک لەڕۆژان چارەسەرێکی گونجاوی بۆ دەدۆزرێتەوە:

- ئیکۆلۆگی ecology، واتە: ئێمە خۆمان‌و ژینگە وەکو بەشێك لەسروشت تێبگەین.

- کۆمەڵایەتی، لەگۆشەنیگای ئیکۆلۆگییەوە دەبێ لەکۆمەڵ تێبگەین. ئەمەش پێویستە لەپێناو بزوتنەوەی کرێکاراندا بێت، بەتایبەت لەگەڵ جڤاتی (سەندیکا) کرێکاراندا پردو ڕایەڵ ببەسترێت.

- دیموکراتی بنکەیی Basic-Democracy واتە: هەلومەرجی دیموکراسی ڕاستەوخۆ فەراهەم بکرێت، کە لەناو حزبدا ڕەنگبداتەوەو دەبێ لەدەستووری سیستەمی کۆماری فیدراڵی ئەڵمانیاداو لەکاری پراکتیکیدا بەکاربهێنرێت.



- بێزەبروزەنگ (اللاعنف)، ئەم سەرەتایە لەسیاسەتی ناوخۆو دەرەوەدا دەبێ وەکو پرنسیپ پەیڕەوی بکرێت.

# دووباڵی ناکۆکی



سەوزەکان بەڕواڵەتو پرۆگرام یەك دەستو یەك دڵنو هیچ ناکۆکیو جیاوازیی لەدیوی دەرەوە بەدی ناکرێت. بەڵام لەناوەوە سەنگەری ئایدۆلۆجی قووڵ لێدراوەو شەڕگەی ململانێی بیروبۆچوونو هەڵوێست، هەر زۆر ئاڵۆزو بەرفراوانە.بەگشتی دوو ڕێبازی تەریبی، شان بەشانی یەك بەدی دەکرێتو حزبەکەیان بەشێوەی ئاسۆییو ستوونی دووکەرت کردووە، بەبێ ئەوەی بگاتە جیابوونەوەو لەتبوون. هەردوو باڵەکە، پێکەوە کار دەکەنو ڕێگە نادەن لێکترازانو پێکهەڵپژان ڕووبدات.

١. باڵی یەکەم: فوندیس Fundis کە کورتکراوەی ((فوندەمینتالیزم))ە. ئەمانە دەیانەوێت سەوزەکان وەکو هێزێکی دژە سەرمایەداری، ئەنتی کەپیتالیزم Anti-Kapitalism ئۆپۆزسیۆنی سیستم بمێننەوەو هیچ گۆڕانێك بەسەر هەڵوێستو بیرکردنەوەو بەرنامەی سی ساڵ لەمەوپێشی خۆیاندا نەهێنن. ئەمانە دەیانەوێت سۆسیالیزمێکی کلاسیکی تێکەڵاو بەپرۆژەیەکی ئیکۆلۆگی بکەنو کۆمەڵ بەشێوەیەکی تر ڕێك بخەنەوە.

٢. باڵی دووەم: ڕیئالۆس Realos کە کورتکراوەی ڕیالیزمە Realism واتە: (واقیع)بینەکان. ئەمانە باڵێکی واقیعبینی ڕیفۆرمیستن. ئەمانە بڕوایان بەوە هەیە پەرلەمان وەکو ئامرازی خەباتی سیاسی بەکاربهێننو لەناو هێزە سیاسییەکانی تردا لایەنی نزیك بدۆزنەوەو کاری بەرەیی لەگەڵیاندا بکەنو پێکەوە حوکمڕانی

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

بکەن، بەمەرجێ ئەو حکومەتە بەرنامەی ژینگەپارێزی بگرێتەبەر، کە ئەوان ئەندازیاری دارشتنی پرۆگرامەکەی بن.

((ئیکۆسۆسیالیست))ەکان (ecososialist) یان kosozialist? لەناو باڵی Fundis فوندیس باڵادەست بوون، تا ساڵی ١٩٨٨ دەستیان بەسەر بزاڤی سەوزەکاندا گرتبوو. هەرەسو تێکشکانی بلۆکی رۆژهەڵات، ساڵی ١٩٨٩ ئەم باڵەی لەناو سەوزەکاندا زۆر لاواز کردو بەڵگەی زۆری بەدەست ریئالۆسەوە دا.

ناسراوترین کەسایەتی ئیکۆلۆگی رادیکال تا ساڵی ١٩٨٥ (رۆدۆلف باهرۆ) بوو. ئەم خەباتی دەکرد لەپێناو دامەزراندنی سیستمێکی کۆمەڵایەتی، کە تێیدا دیموکراتی بنکەیی، ناناوەندێتی ـ اللامرکزیة ـ ئیکۆلۆگی باڵادەست بێت، دوور لەسیستمی سۆسیالیستیو کەپیتالیستی. ئایاری ساڵی ١٩٩١ خاتوو یوتا دیتفوورت، کە یەکێك بوو لەبەهێزترین سەرکردە ئیکۆسۆسیالیستەکان، خۆیو ٣٠٠ لایەنگری تری ئیکۆسۆسیالیستەکان، بەکۆمەڵ لەریزی سەوزەکان هاتنە دەرەوەو لیستی ئیکۆلۆگی چەپی ئەڵتەرناتیڤیان دامەزراند. ئەم دوو باڵە، هەرچەند ژمارەیەك کەسایەتیو خەڵکی چالاکی سەوزەکانیان لەگەڵدا بوو، هەرچەند بیرورای سەرنجراکێشیان پێبوو، بەڵام نەیانتوانی لەسەر کارو خەبات بەردەوام بنو پاش ماوەیەکی زۆر کورت پووکانەوە.



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

بەناوبانگترین سەرکردەی ریئالۆس Realos لەدەوری ئەنتیا فۆلمارو یۆشکا فیشەر کۆبوونەوە. ئەمانە بروایان بە ((گەشەکردنی سەوز)) هەبوو. پێیانوایە پێشکەوتنی سەوزی کۆمەڵ لەرێگەی ((گەشەکردنی کاوەخۆ)) یان ئیڤلیۆشن evolution دەبێت. ئەم باڵە لایەنگری ئەوەبوون بەرەیەك لەگەڵ سۆسیال دیموکراتدا بکەنەوە.

لەناو سەوزەکاندا، باڵی راسترەویش هەیە، هەرچەند رۆڵێکی بەرچاویان نییەو کاریگەری زۆریان لەسەر رەوتی سەرەکی بزاڤەکە نییە.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

## سەرچاوە گرنگەکان:

1. L?sche, Peter: Kleine Geschichte der deutschen Parteien. Kohlhammer Stuttgart. 1994.

2. Gysi, Gregor: was nun? Hoffmann und campe, Hamburg. 2003.

3. Potthoff, Heinrich und Miller, Susanne: Kleine Geschichte der SPD 1848-2002, DIETZ, Bonn, 2002.

4. Alemann, Ulrich von: Das Parteiensystem der Bundesrepublik Deutschpand opladen, 2003.



مەکتەبی بیروهۆشیاری

# بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ک)

مەکتەبی بیروهۆشیاری

## ٢٠٠٧

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢١٠ | عیراق، سەردەمی ساغ بوونەوە | بەکر صدیق | ٢٠٠٧ |
| ٢١١. | تیرۆرو سەقامگیری سیاسی و چەند لێکۆڵینەوەیەکە تر | بەکر صدیق | ٢٠٠٧ |
| ٢١٢. | کەرکوک بۆ مێژوو دەدوێت | سەرپەرشتیار/ مامۆستا جەعفەر | ٢٠٠٧ |
| ٢١٣. | دەستورو ژن | و: کامیل محەمەد قەرەداخی | ٢٠٠٧ |
| ٢١٤. | ژان ژاك رۆسۆ | کاوە جەلال | ٢٠٠٧ |
| ٢١٥. | مبدآ الفصل بین السلطات و وحدتها | القاضي / لطیف مصطفی أمین | ٢٠٠٧ |
| ٢١٦. | بنچینەکانی کورد | ن. ڤلادیمێر مینۆرسکی و. نەجاتی عەبدوڵڵا | ٢٠٠٧ |
| ٢١٧. | لەدیکتاتۆریەوە بۆ دیموکراسی | کارزان محەمەد | ٢٠٠٧ |
| ٢١٨. | کەرکوك لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا | گۆران ساڵح | ٢٠٠٧ |
| ٢١٩. | زمانە فەرمیەکان | تاریق جامباز | |
| ٢٢٠. | ئەنفال و دادگا | سالار مەحمود | ٢٠٠٧ |
| ٢٢١. | نۆڤین _ ١٠ _ | — | ٢٠٠٧ |
| ٢٢٢. | الكرد | د.نوری تاڵەبانی | ٢٠٠٧ |
| ٢٢٣. | هەڵۆی سوور (چاپی دووەم) | مامۆستا جەعفەر | ٢٠٠٧ |
| ٢٢٤. | مام جەلال | مامۆستا جەعفەر | ٢٠٠٧ |
| ٢٢٥. | المدخل الى القانون الدولي الانساني | جبار سعید محی الدین | ٢٠٠٧ |
| ٢٢٦. | الکُرد الیوم | ت: غسان نعسان | ٢٠٠٧ |
| ٢٢٧. | سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا | و: ئاوات عەبدوڵڵا | ٢٠٠٧ |
| ٢٢٨. | رێبازی لێکۆڵینەوە لەزانستی سیاسیدا | ئیسماعیل شێخ موراد | ٢٠٠٧ |
| ٢٢٩. | رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان | و. کارزان عومەر | ٢٠٠٧ |



مەکتەبی بیروهۆشیاری

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢٣٠. | تیرۆر | هیمداد مەجید عەلی | ٢٠٠٧ |
| ٢٣١. | گەنجە کوردەکان | فەرهاد پیرباڵ | ٢٠٠٧ |
| ٢٣٢. | بەعسیزم و کورد | سۆزان کەریم مستەفا | ٢٠٠٧ |
| ٢٣٣. | بەڕێوەبردنی کۆبونەوەکان | محەمەد فاتح | ٢٠٠٧ |
| ٢٣٤. | شاری کەرکوك | پشکۆ حەمە تاهیر | ٢٠٠٧ |
| ٢٣٥. | میرعەبدال خانی بدلیس | بوار نورەدین | ٢٠٠٧ |
| ٢٣٦. | فەلسەفە ـ رۆشنگەری، فێندەمێنتالیزم | و.شوان ئەحمەد | ٢٠٠٧ |
| ٢٣٧. | عێراق، قەیرانی ئاسایش و ستراتیژێتی و بنیاتنانەوەی | فەرزەند شێرکۆ | ٢٠٠٧ |
| ٢٣٨. | نۆڤین ژمارە ـ ١١ ـ | - | ٢٠٠٧ |
| ٢٣٩. | الحقوق السیاسیة للکورد فی الدول التی تضم کردستان | لیلاف حمد أمین عزیز | ٢٠٠٧ |
| ٢٤٠. | مێژووی شۆرشی روسیا | لیۆن ترۆتسکی و. عەزیز ئالانی | ٢٠٠٧ |
| ٢٤١. | دەروونناسی جەماوەری فاشیزم | ویلهلم رایش و. هەژار جوانرۆیی | ٢٠٠٧ |
| ٢٤٢. | جاش و جینۆساید | مەحمود سەنگاوی | ٢٠٠٧ |
| ٢٤٣. | زارا ـ عەشقی شوان | محەمەدی قازی و. عەزیز گەردی | ٢٠٠٧ |
| ٢٤٤. | پوختە باسێك دەربارەی سۆسیال دیموکراتی | زانا | ٢٠٠٧ |
| ٢٤٥. | تأریخ ترکیا المعاصر | ت. د. هاشم صالح تکریتي | ٢٠٠٧ |
| ٢٤٦. | لەگۆرەپاندا | و. ساروز ئەفروزی | ٢٠٠٧ |
| ٢٤٧. | نۆڤین ـ١٢ـ | — | ٢٠٠٧ |
| ٢٤٨. | المنطقة المتنازع علیها | د.خلیل اسماعیل محمد | ٢٠٠٧ |
| ٢٤٩. | فەلسەفەی سۆسیال دیموکراتی | د. حەمید عەزیز | ٢٠٠٧ |

This document was created with Win2PDF available at http://www.daneprairie.com.
The unregistered version of Win2PDF is for evaluation or non-commercial use only.